# لا اله الا الله
# معناها ، مكانتها ،
# فضلها
# واثارها في الفرد والمجتمع

# لا اله الا الله
## ماناكەی ، پلەو پایەی
## فەزڵ و گەورەیی‌یەكەی
## وە شوێنەواری لە تاك و كۆمەڵدا


**دانراوی**

صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

**وەرگێڕانی**

**صلاح الدين عبدالكريم**



**چاپی یەكەم -١٤٢٦ك/٢٠٠٥ز**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پێشەكی وەرگێڕ

# بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين .

**لە پاشاندا :**

**لاالەالاالله ( یەكخواپەرستی ) فەزڵ و پلە و پایە و گرنگی یەكی یەكجار زۆری هەیە لەوانە :**

**١- لاالەالاالله ( یەكخواپەرستی ) دادپەروەری ترین دادپەروەرییە بە ڕەهایی ، هەروەكو چۆن هاوبەش بڕیاردان ستەم ترین ستەمە بە ڕەهایی ، خوای گەورە دەفەرمێت :** [ ان الشرك لظلم العظيم ] [ لقمان : ١٣ ] .

**واتە بە جەخت لە سەر كراوییەوە هاوبەش بڕیاردان گەورەترین ستەمە .**

**٢- لەگەڵ جیاوازی شەریعەتی پێغەمبەران بەڵام بیروباوەڕیان یەك بووە كە بریتییە لە لاالەالاالله ( یەكخواپەرستی ) .**

**٣- لاالەالاالله ( یەكخواپەرستی ) دەبێتە هۆی نەهێشتنی مانەوەی مرۆڤ لە دۆزەخدا ئەگەر كەمتر لە كێشی گەردێكی لە دڵدا بێت ، بەڵام ئەگەر لاالەالاالله ( یەكخواپەرستی ) یەكەی تەواو بێت ئەوا دەبێتە هۆی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەهێشتنی چونە دۆزەخەوەی بە یەکجاری ، وە خاوەنەکەی دەخاتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە [ اخرجوا من النار من كان في قلبه ادنى مثقال حبة من خردل من الايمان ][1] .

٤- بەختەوەر ترین کەس بە شەفاعەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه واله وسلم) ئەو کەسەیە کە لاالەالاالله( یەکخواپەرستی ) جێ بەجێ کردبێت .

٥- ئەگەر زانستە ئاینییەکان پیرۆز ترین زانست بن بە ڕەهایی ئەوا پیرۆز ترین زانستی ئاینی بریتییە لە لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) ، چونکە پیرۆزی زانست بە پیرۆزی بابەتەکەیەتی ، وە بابەتی زانیاری لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) بریتییە لە ناسینی خوای گەورە بە ناوو سیفاتەکانی ، وە ناسینی پەروەردگارێتی و پەرستنی خوای گەورە.

٦- قورئانی پیرۆز هەمووی پەرتووکی لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) یە ، چونکە :

- یاخود هەواڵدانە سەبارەت بە خوای گەورە و ناوو سیفاتەکانی ، کە ئەمەیش یەکخواپەرستی هەواڵدانە ( التوحيد الخبري ) .

- یاخود بانگەواز کردنە بۆ پەرستنی خوای گەورە بە تاك و تەنها ، وە وازهێنان لە پەرستنی جگە لە خوای گەورە کە ئەمەیش یەکخواپەرستی داخوازی یە ( التوحيد الطلبي ) .

- یاخود فەرمان کردن و قەدەغە کردن و پەیوەست کردنی خەڵکییە بە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە ،کە ئەمەیش لە مافەکانی لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) و تەواو کاری یەکانێتی.

- یاخود هەواڵدانە بە ڕێز لێنانی خوای گەورە لە یەك خەوا پەرستان لە دونیا و قیامەتدا ، کەئەمەیش پاداشتی لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) یە .

---

[1] البخاري ( ٧٢/١ رقم ٢٢ ) ومسلم ( ١٧٢/١ رقم ١٨٤ ) .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

–  یاخود هەواڵدانە بە سزا دانی هاوبەش بڕیار دەران لە دونیا و قیامەتدا ، کە ئەمەیش سزای هەر کەسێکە کە دەرچێت لە حوکمی لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) .

٧– ووشەی لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) ئەو ووشەیەیە کە فەرمان بە کۆتایی پێغەمبەران کرا کە کوشتاری خەڵکی بکات لە سەری تا دانی پێدا دەنێن و دەیلێن .

٨– باوەڕ چەند لق و بەشێکە ، گەورەترینیان شایەتی دانی لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) یە وە ئەم شایەتی دانە پەتی بەهێزی نەبچڕاوە ، وە ئامۆژگاری خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی .

٩– وە ئەو کەسەی کە پاش گەز ببێتەوە لە  لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی )و ( مرتد ) ببێت ئەوا سەربڕاوی دەستی ناخورێت ، و ژنی پێ نادرێت، و ئەگەر مردیش ئەواناشۆردرێت و نوێژی لەسەر ناکرێت و لە گۆڕستانی موسڵمانانیش بە خاك ناسپێردرێت ، وە دوعای خێر و داوای لێخۆش بوونی بۆ ناکرێت لە خوای گەورە .

١٠– ڕاستێتی و تەواوی و وەرگیرانی پاداشتی هەموو ووتە وکردەوەیەك ڕاوەستاوە لە سەر لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) ، چەندێك مرۆڤ لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) یەکەی تەواو بێت ئەوانیش تەواو دەبن ، وەچەندێك کەم و کوری تێدا بێت ئەوانیش کەم و کوڕ دەبن ، وە ئەگەر مرۆڤ لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) جێ بەجێ بکات ئەوا پاداشتی هەموو کردەوەکانی چەند جارێك دەبێت .

١١– لاالەالاالله ( یەکخواپەرستی ) گەورەترن هۆکارە بۆ لابردنی غەم و پەژارە و ناخۆشی و سوك کردنی ئێش و ئازار، وە بەهۆیەوە دڵ ئارامیتەواو بۆ دەرون دەستەبەر دەبێت .

١٢– ئەگەر مرۆڤ تەواو یەکخواپەرست بێت ئەوا ترسی جگە لە خوای

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورەی لە دڵدا نامێنێت ، وە دوژمنەکەی زۆر لەوە کەمتر دەبێت کە لەگەڵ خوایگەورەدا لێی بترسێت ، وە بە هۆیەوە ئارامیو هێمنی تەواو بەدەست دێنێت .

١٣- تەنها بە لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) مرۆڤ دەبێتە بەندەی خوای گەورە بە تەنها ، وە هەر کاتێکیش ئەمەی دەست کەوت ئەوا ئەو کاتە دەبێتە مرۆڤێکی ئازاد و سەربەست ، وە بە بێ لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) مرۆڤ دەبێتە بەندەی هەوا و ئارەزوەکانی خۆی و جگە لە خۆی .

١٤- لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) زامنی سەرەکییە بۆ یەك ڕیزی و یەك گرتن ، وە هیچ کاتێك نەتەوەی ئیسلام ناتوانن کۆببنەوە و یەك بگرن بە جگە لە لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) ، وە نەتەوەی یەکخواپەرست یەکگرتوو ویەك ڕیزن ، وە کۆمەڵگای یەکخوا پەرست کۆمەڵگای یەکگرتوو و یەك ڕیزن ، وە ووشەی لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) بنچینەی یەك ڕیزیە .

١٥- هیچ شتێك لەوە بەڵگە تر نی یە لە سەر گرنگی لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) کە زانایانی سەلەف ناویان ناوە بە ( الفقه الأكبر ) وە هەر یەك لە ئیمامی شافیعی و ابو حنیفە ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) پەڕتووکیان هەیە بەم ناونیشانە .

١٦- لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) تەنها زامنە بۆ یەکخواپەرستان بە سەرکەوتن و عیزەت و چاك کردنی حاڵ ، نابینیت کاتێك باوك و باپیرانمان( پێشینە چاکەکان ) هەستان بە جێ بەجێ کردنی لاالەالااللە ( یەکخواپەرستی ) بە زانست و کار پێ کردن و بانگەواز بۆ کردن و جهاد کردن لە پێناویدا خوای گەورە کردیانی بە پێشەوا بۆ خەڵکی ، خەڵکی بە فەرمانی ئەمان کاریان دەکرد ، وە خوای گەورە دەرگای خێر وچاکە و سەرکەوتن و دەسەڵاتی لێ کردنەوە ، بەڵام ئێمە کاتێك کە کەمتەرخەمیمان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**كرد له لااله‌الاالله ( يه‌كخواپه‌رستی ) دا وه مافه‌كانیمان فه‌وتاندا خوای گه‌وره كه‌سانێكی زاڵ كردووه به سه‌رماندا كه به‌زه‌ییان پێماندا نایه‌ته‌وه .**

**١٧- هه‌ر كه‌سێك كه له دونیا ده‌رچێت و كۆچی دوایی‌بكات و دوا ووشه‌ی لااله‌الاالله ( يه‌كخواپه‌رستی ) بێت ئه‌وا ده‌چێته به‌هه‌شته‌وه** [ من كان اخر كلامه من الدنيا لا اله الا الله دخل الجنة ][2] .

**١٨- لااله‌الاالله ( يه‌كخواپه‌رستی ) له گه‌وره‌ترین هۆكاره‌كانی سڕینه‌وه‌ی خراپه وتاوانه‌كانه پێغه‌مبه‌ر**(صلى الله عليه واله وسلم) **ده‌فه‌رمێت** : [ قال الله تعالى : يابن ادم لو اتيتني بقراب الارض خطايا ثم لقيتني لاتشرك بي شيئا لأتيتك بقرابها مغفرة ][3] .

**واته/ خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت:ئه‌ی نه‌وه‌ی ئادەم ئه‌گه‌ر له‌ڕۆژی قیامه‌تدا پێم بگه‌یت به‌پڕایی زه‌وی يه‌وه له‌تاوان به‌ڵام هیچ هاوبه‌شت بۆم بڕیار نه‌دابێت ئه‌وا منیش به‌پڕایی‌زه‌وی‌یه‌وه به لێخۆش بوونه‌وه بۆت دێم ولێت خۆش ده‌بم**[4] .

**ئه‌مانه‌و چه‌نده‌ها فه‌زڵ و گه‌وره‌یی تر كه‌له ژماردن نایه‌ن، به‌شێوه‌یه‌ك ئه‌م گه‌وره‌یی وگرنگی‌يه‌ی كه لااله‌الاالله ( يه‌كخواپه‌رستی )هه‌يه‌تی هیچ كام له پایه‌كانی تری ئیسلام وئیمان نی‌یانه،هه‌ر بۆیه زانایان له‌كۆن وتازه‌دا چه‌نده‌ها په‌رتوكی جۆراوجۆریان له‌سه‌ری داناوه وگرنگی‌یه‌كی یه‌كجار زۆریان پێ‌داوه،یه‌كێك له‌و په‌رتوكه به‌نرخانه‌ی كه‌له‌م بواره‌دا دانراوه‌وهیچ موسڵمانێك بێ‌پێویست نی‌يه لێی: ئه‌م دانراوه‌ی زانای پایه به‌رز شێخ(صالح بن فوزان)كه‌تێیدا زۆر به‌جوانی‌مانای (لا اله الا الله) وناوه‌ڕۆك وداخوازی‌یه‌كانی ڕوون كردۆته‌وه،وه‌پله‌وپایه‌و فه‌زڵ**

---

[2] اخرجه أبو داود ( ٣/٤٨٦ رقم ٣١١٦ ) من حديث معاذ بن جبل .

[3] اخرجه الترمذي ( ٥/٥٤٨ رقم ٣٥٤٠ ) وابن ماجة ( ٢/١٢٥٥ رقم ٣٨٢١ ) و احمد ( ٥/١٤٧، ١٤٨ ، ١٥٣ ، ١٥٤ ، ١٥٥ ) .

[4] **بروانه په‌رتوكی**:معالم التوحيد ل(الشيخ الدكتور مروان ابراهيم القيسي) **وه‌په‌رتوكی**( التوحيد أهميته وثماره )جمع وترتيب:الشيخ الدكتور عمر بن سعود العيد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**وگەورەیی‌یەکەی دەرخستووە،وەشیکردنەوەی وپایەکانی ومەرجەکانی ئاشکرا کردووە،پاشان شوێنەواری لە تاك وکۆمەڵدا دەست نیشان کردووە،وە ووتەی چەند زانایەکی ناوداری باوەڕپێکراوی هێناوەتەوە،وەبەشێوازێکی زۆر سادەو ساکار وئاسان هەموو ئەم شتانەی نوسیوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت لێی تێبگات وسودی لێ ببینێت**
ان شاء الله .
**منیش لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی کەباسم کرد،وەبۆ ئەوەی کەسودەکەی گشتی بێت،هەستام بەوەرگێڕانی‌ئەم نامیلکە گرنگە بەئومێدی خوای‌گەورە کەسودی پێ‌بگەیەنێت ،وەبیکات بە توێشوی قیامەتمان ، وەتەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت**
ان شاء الله.
وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى اله وصحبه ومن تبعهم الى يوم الدين .

**وەرگێڕ ٢٧/جمادى الاول ١٤٢٦ ك**

**بەرامبەر ٣/تموز٢٠٠٥ ز**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونتوب اليه ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات اعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له ، واشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له واشهد ان محمدا عبده ورسوله (صلى الله عليه وآله وسلم) وعلى اله واصحابه وكل من اتبعه وتمسك بسنته الى يوم الدين..
اما بعد:-

**بەجەخت لەسەرکراوی خوای گەورە فەرمانی پێکردوین بە یاد کردنی ، وە وەسفی یادکەرانیکردوە وبە باش باسی کردون، وە پەیمانی پێداون بە پاداشتێکی گەورە ، بۆیە فەرمانی کردوە بە یاد کردنی بە بەربڵاوی وبەرەهایی، وە لە پاش تەواو بوون لە پەرستنەکان . خوای گەورە دەفەرمێت:[** فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلاةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِكُمْ](١) .

**واتە :کاتێك لە جێبەجێکردنی نوێژ تەواو بوون ئەوا یادی خوای گەورە بکەن لە هەموو حاڵەتو شێوازێکتاندا ،بەپێوە بوون ، یاخود بە دانیشتن ، یاخود ڕاکشابوون لەسەر لایەکانتان وە دەفەرمێت:[** فَإِذَا قَضَيْتُمْ مَنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا] (٢).

**واتە: کاتێك کە تەواو بوون لە جێ بەجێ کردنی دروشمەکانی حەج کردن ئەوا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**یادی خوای گەورە بکەن لە جیاتی یادکردنتان بۆ باوكو باپیرانتان لە پێش ئیسلامدا ، یاخود لەوەیش زیاتر یادی خوا بکەن (عەرەب لە پێش ئیسلامدا کە لە حەج کردن تەواو دەبوون باسی باوكو باپیرانیان دەکرد ، وە شانازیان پێیانەوە دەکرد ، بۆیە خوای گەورە فەرمانی کرد لە جیاتی ئەوە یادی خوای گەورە بکەن) .**

**وە فەرمان دەکات بە یادکردنی لە کاتی جێبەجێکردنی دروشمەکانی حەج کردن بە تایبەتی کە دەفەرمێت:**[ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ](٣).

**واتە:کاتێك لە عەرەفەوە بەرەو موزدەلیفە ڕۆیشتن ئەوا یادی خوای گەورە بکەن، وە دەفەرمێت:**[ ويذكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ](٤).

**واتە: موسڵمانان یادی خوای گەورە دەکەن لە چەند ڕۆژێکی دیاری کراو دا کە سێ ڕۆژەکەی پاش جەژنی قوربانە (ایام التشریق ) وە سوپاسی خوای گەورە دەکەن لەسەر ئەو ئاژەڵانەی کە پێیانی بەخشیوە وە سەری دەبڕن.**

**وە دەفەرمێت:**[ وَاذْكُرُوا اللَّهَ فِي أَيَّامٍ مَعْدُودَاتٍ] (٥).

**واتە : یادی خوای گەورە بکەن لە ڕۆژە دیاری کراوەکان (سێڕۆژەکەی پاش جەژنی قوربان) ،وە نوێژکردنی داناوە بۆ یاد کردنی کە دەفەرمێت:**[ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي].

**واتە: نوێژ بکەن بۆیاد کردنی من تا منتان لە یاد نەچێت.**

**وە پێغەمبەر** (صلى الله عليه واله وسلم) **دەفەرمێت:**[ ايام التشريق ايام اكل وشرب، وذكر الله](٦).

**واتە : سێڕۆژی پاش جەژنی قوربان (ایام التشریق) ڕۆژی خواردنو خواردنەوەو یـــادکـردنی خوای گەورەیەو ڕۆژوگرتن تێیاندا دروست نیيە.**

**وە خوای گەورە دەفەرمێت:**[ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْراً كَثِيراً وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً](٧).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**واتە: ئەی باوەڕداران یادی خوای گەورە بکەن یادکردنێکی زۆر ، وە یادی خوای گەورە بکەن بە بەیانیان و ئێواران.(زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران).**
**وە گەورەترین یاد کردن بریتی‌یە لە: ووتنی** لا اله الا الله وحده لا شريك له، **هەروەکو چۆن لە پێغەمبەرەوە** (صلى الله عليه واله وسلم) **هاتووەکە فەرموویەتی:** [ خير الدعاء دعاء عرفة وخير ما قلت انا والنبيون من قبلي لا اله الا الله وحده لاشريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير](٨).
**واتە: باشترین پاڕانەوە پاڕانەوەیە لە عەرەفە لە ڕۆژی عەرەفەدا وە باشترین ووشە کە من و پێغەمبەرانی پێش من وتبێتیان ئەم ووشەیەیە[** لا اله الا الله وحده لا شريك له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير].
**وە لەبەر ئەوەی ئەو وشە گەورەیە (لا اله الا الله) ئەو پلەو پایە گەورەیەی هەیە لە نێوان جۆرەکانی تری یادکردنەکاندا وە چەندەها حوکم پێوەی پەیوەستن ، وە چەند مەرجێکی هەیە و مانای هەیە ، وداخوازی هەیە ، ووشەیەك نی‌یە تەنها بە زمان بوترێت و بەس ، لەبەر ئەم شتانە پێم خۆش بوو ئەمە بابەتی نوسراوەکەم بێت وە ئەمەم هەڵبژارد ، داواکارم لە خوای گەورە و بە هیوام پێی کە ئێمەو ئێوەیش بکات بە ئەهل و خاوەنی (لا اله الا الله) وە وامان لێ بکات کە دەستی پێوە بگرین و ماناکەی بزانین و ئیش بکەین بە ناوەڕۆك و داخوازی‌یەکانی بە ئاشکراو بە نهێنی .**

**قسە کردنم لە سەر ئەو ووشەیە (لا اله الا الله) لە سنوری ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەبێت .**
**پلەو پایەی (لا اله الا الله) لە ژیاندا ، وە فەزڵ و گەورەیەکەی ، وە شی‌کردنەوەکەی وە پایەکان و مەرجەکانی ، وە ماناو ناوەڕۆك و داخوازی‌یەکانی.، وە چ کاتێك سود بە مرۆڤـــــ دەگەیەنێت کە بیڵێت ، وە چ کاتێك ووتنی سودی بۆی نابێت، وە شوێنەوارەکەی چی دەبێت ، بە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پشتیوانی خوای گەورە دەڵێم:

1 - پلەو پایەی (لا اله الا الله ):

لە ژیاندا ئەمە ووشەیەکە موسڵمانان ئاشکرای دەکەن و دەیڵێن لە بانگ دانو قامەت کردنو ووتارو قسەکردنەکانیاندا، وە (لا اله الا الله) ووشەیەکە بە هۆی ئەم ووشەیەوە زەویو ئاسمانەکان ڕاوەستاون ، وە هەموو دروست کراوەکان لە پێناویدا دروست کراون ، وە بەهۆی ئەم ووشەیەوە خوای گەورە پێغەمبەرانی خۆی ناردوە ، وە پەرتوکەکانی دابەزاندوەو شەریعەتەکانی دامەزراندوە، وە لە پێناو (لا اله الا الله) لە قیامەتدا تەرازوەکان دانراون و نامەی کردەوەکان دانراون و بەهەشتو دۆزەخ دروست کراون ، وە بەهۆی ئەم وشەیەوە خەڵکی دابەش بوون بۆ باوەڕدارو کافر ، ئەم ووشەیە شوێنی سەرهەڵدانی دروست کردنو فەرمان دەرکردنو پاداشتو سزایە ، وە ئەو حەقەیە کە لە پێناویدا دروست کراوەکان دروست کراون. وە دەربارەی ئەم ووشەیە و مافەکانی پرسیارو لێپرسینەوە لە مرۆڤــــــ دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، وە پاداشتو سزا لەسەر ئەم ووشەیە ڕوو دەدات ، وە لەسەر ئەم ووشەیە قیبلە دانراوە ، وە میللەتی ئیسلامی لەسەر دروست کراوە ، وە لە پێناو ئەم وووشەیە شمشێری جیهاد کردن هەڵکێشراوە ، وە ئەم ووشەیە مافی خوای گەورەیە لەسەر هەموو بەندەکان ، وە ئەمە
ووشەی ئیسلامە ، وەکلیلی دەرگای ئاشتییە وە سەرەتاکانو کۆتایییەکان دەربارەی
ئەم ووشەیە پرسیاریان لێ دەکرێت ... وە دوو پێی هیچ بەندەیەك ناجوڵێت و ناڕوات

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لەبەر دەستی خوای گەورە هەتا پرسیاری لیّ نەکریّت دەربارەی دوو بابەت :(ئیّوە لە**
**دونیا چیتان دەپەرست ، وە چی وەلاّمی پیّغەمبەرانتان دایەوە ).**
**وە وەلاّمی پرسیاری یەکەم بە جیّبەجیّکردن (لا اله الا الله) دەبیّت ناسینیو دان پیّدا نانی و ئیش کردن پیّی .**
**وە وەلاّمی پرسیاری دووەم بە جیّبەجیّکردنی (محمد رسول الله) دەبیّت ناسینیو مل کەچ کردن و گویّڕایەلّی کردن بۆی)(٩) .**

**ئەم ووشەیە جیاکەرەوەی نیّوان کوفرو ئیسلامە ، وە ووشەی خواناسینو لە خوا ترسانە ، وە ئەو پەتە بەهیّزو نەپچڕاوەیە کە ابراهیم (علیە** الصلاة والسلام) **هیّشتییەو لە ناو نەوەکانیدا بەلّکو بگەڕیّنەوە بۆ سەری ئەگەر توشی هاوبەش بڕیاردان بوون** [ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ] (١٠) .**وە لا اله الا الله ئەو ووشەیەیە کە خوای گەورە شایەتی پیّداوە بۆ نەفسی پیرۆزی خۆی ، وە لە دروست کراوەکانیشدا فریشتەکانو زانایان شایەتیان داوە بۆ خوای گەورە ، خوای گەورە دەفەرمیّت:**[ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِماً بِالْقِسْطِ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ](١١).
**واتە: خوای گەورە شایەتی داوە کە هیچ پەرستراویّکی تری حەق نییە کە شایەنی پەرستن بیّت جگە لە (الله) وە فریشتەکان و زانایان ئەم شایەتییەیان داوە شایەتییەکی دادپەروەرانە ، هیچ پەرستراویّکی تری حەق نییە کە شایەنی پەرستن بیّت جگە لە (الله) کە خوایەکی بالاّدەستو کاربەجیّیە .**
**وە لا اله الا الله وشەی نیەت پاکیو دلّسۆزییە بۆ خوا وە شایەتی دانی حەقە ، وە بانگەوازی حەقە، وە خۆ دورخستنەوەیە لە هاوبەش بڕیاردان ، وە لە پیّناویدا دروست کراون ، وەکو خوای گەورە دەفەرمیّت:**[ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْأِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ](١٢).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**واتە: من جن و مرۆڤـــم دروست نەکردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن بە تاكوتەنهایی و هاوبەشم بۆ بڕیارنەدەن.**
**وە لە پێناو لا اله الا الله پێغەمبەران نێردراون و پەرتوکەکان دابەزێنراون ، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:**[ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ](١٣).
**واتە: لەپێش تۆدا ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) هیچ پێغەمبەرێکی ترمان نەناردوە الا نیگامان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێکی‌تری حەق نی‌یە کە شایەنی پەرستن بێت تەنها من نەبێت کەواتە تەنها من بپەرستن بەتاك و تەنها و هاوبەشم بۆ بڕیار مەدەن ، وە دەفەرمێت:**[ يُنَزِّلُ الْمَلائِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنْذِرُوا أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاتَّقُونِ](١٤).
**واتە: خوای گەورە نیگای بۆ پێغەمبەرانی دەنێرێت لەسەر زمانی فریشتە (جبریل) علیه السلام کە خەڵکی ئاگادار بـــکەنەوە کە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نی‌یە کەشایانی پەرستن بێت جگە لە من، دەی کەواتە تەنهالە من بترسێن.**
**ابن عیینە دەفەرمێت:(خوای گەورە هیچ بەخششێکی نەداوە بە بەندەیەك لە بەندەکانی لەو بەخششە گەورەتر کەفێری لا اله الا الله ی کردوون وەپێ ی ناساندون ، وە لا اله الا الله بۆ خەڵکی بەهەشت وەکو ئاوی سارد وایە بۆ خەڵکی دونیا(١٥) ، وە هەر کەسێك بیڵێت خوێن و ماڵی پارێزراو دەبێت ، وە هەر کەسێك نەیڵێت ئەوا خوێن و ماڵی بە زایە دەڕوات .**
**پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمێت:**[ من قال لا اله الا الله وكفر بما يعبد من دون الله حُرم ماله ودمه وحسابه على الله](١٦)
**واتە: هەرکەسێك بڵێت لا اله الا الله وە کوفر بکات و بێ باوەڕ بێت بەو شتانەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێن ئەوا ماڵ و خوێنی پارێزراو دەبێت و حسابی لە لای خوای گەورە .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**وە لا اله الا الله یەکەم شتە کە داوا لە کافران دەکرێت بیڵێن کاتێك کە بانگ دەکرێن بۆ ئیسلام وە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کاتێك کە** معاذی– **خوای لێ ڕازی بێت– نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو:**[ انك تأتي قوماً من اهل الكتاب فليكن اول ما تدعوهم اليه شهادة ان لا اله الا الله](١٧).

**واتە: ئەی** معاذ **–خوای لێ ڕازی بێت– تۆ دەچیتە ناو کەسانێك گاورن (فەلەن) با یەکەم شتێك کە بانگیان دەکەیت بۆ لای بریتی بێت لە شایەتی دان بە لا اله الا الله .**

**بەمە پلەو پایەی (لا اله الا الله)ت لە دیندا بۆ دەردەکەوێت و گرنگی لە ژیاندا دەزانیت کە یەکەم پێویستی‌یە لەسەر بەندەکان چونکە لا اله الا الله بنچینەیەو هەموو کردەوەکانی تری لەسەر بنیات دەنرێت.**

**٢ - فەزڵو گەورەیی ( لا اله الا الله ):**

**(لا اله الا الله) فەزڵی زۆر گەورەی هەیە وە لە لای خوای گەورە پلەو پایەی بەرزی هەیە هەرکەسێك بە ڕاستگۆیی بیڵێت خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە ، وە هەر کەسێك بە**

**درۆ بیڵێت ئەوا دەبێتە هۆی نەڕژاندنی خوێنیو پاراستنی ماڵی لە دونیادا و بەڵام**

**حیسابی ئەو کەسە لای خوای گەورەیە ، وە (لا اله الا الله) ووشەیەکە لەفزەکەی کورتە و**

**پیتەکانی کەمە و سوکە لەسەر زمان ، وە قورسە لە تەرازووی خوای گەورەدا**
.فقد روى ابن حبان والحاكم وصححه عن ابي سعيد الخدري –رضي الله عنه- عن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال :[ قال موسى: يا رب علمني شيئاً اذكرك وادعوك به ، قال يا موسى قل: (لا اله الا الله) ، قال: كل عبادك يقولون هذا قال يا موسى: لو ان السموات السبع وعامرهن غيري والأرضين

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

السبع في كفة و (لا اله الا الله) في كفة مالت بهن (لا اله الا الله] (١٨).

**واته: موسى (عليه الصلاة والسلام) فەرمووی : ئەی پەروەردگارم شتێکم فێرکە تابەهۆیەوە یادی تۆ بکەمو پێی لێت بپاڕێمەوە خوای گەورەیش فەرمووی: ئەی موسى –صلى الله عليه وسلم– بڵێ لا اله الا الله، ئەویش فەرمووی: ئەی پەروەردگار هەموو بەندەکانت ئەم شتە دەڵێن ، خوای گەورەیش فەرمووی: ئەی موسى (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکەو ئەوەی کە تێیاندایە جگە لە خۆم،وە هەر حەوت زەوی‌یەکە لە لایەکی تەرازوویەك دابنرێتو (لا اله الا الله) یش لە لایەکەی تری ئەوا بەلای (لا اله الا الله) لار دەبێتەوەو (لا اله الا الله) قورس ترە.**

**وە لە فەرموودەی عبدالله بن عامر بە مەرفوعی هاتووە کە** [ خير الدعاء دعاء يوم عرفة ، وخير ما قلت انا والنبيون من قبلي (لا اله الا الله) وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير](١٩)*.

**وەهەروەها ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر قورسی ئەم وشەیە لە تەرازوودا** ، ما رواه الترمذي وحسنه والنسائي والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم عن عبدالله بن عمرو :قال النبي (صلى الله عليه وآله وسلم) :[ يصاح برجل من امتي على رؤوس الخلائق يوم القيامة فينشر له تسعة وتسعون سجلاً كل سجل منها مد البصر ثم يقال :اتنكر من هذا شيئاً ؟ فيقول: لا يارب ، فيقال :الك عذر او حسنة؟ فيهاب الرجل فيقول: لا ،فيقال: بلى ان لك عندنا حسنات ، وانه لا ظلم عليك فيخرج له بطاقة فيها اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمد عبده ورسوله ، فيقول: يا رب ما هذه البطاقة مع هذه السجلات؟! فيقال: انك لا تظلم ، فتوضع السجلات في كفة والبطاقة في كفة فطاشت السجلات وثقلت البطاقة](٢٠).

**واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێش چاوی هەموو خەڵکی هاوار دەکرێت بەسەرپیاوێکدا لە ئومەتی منو بانگ دەکرێت و نەوەدو نۆ(٩٩) سجلی بۆ دەردەکرێت، هەر سجلێك لەو سجلانە ئەوەندەی چاو بڕکاتو ببینێت ئەوەندە پاشان پێی دەوترێت: ئایا ئینکاری :گەورەیە، وە هەمووی پڕە لە تاوان ،**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هیچ شتێك لەم تاوانانە دەكەیت؟ ، ئەویش دەڵێت نەخێر ئەی پەروردگار هەمووی تاوانی خۆمە، پاشان پێی دەوترێت: ئایا هیچ بیانویەكت هەیە یاخود هیچ چاكەیەكت هەیە ؟ پیاوەكە دەترسێتو دەڵێت :نەخێر . پێی دەوترێت: بەڵێ تۆ لەلای ئێمە چاكەت هەیە ، وە ستەمت لێ ناكرێتو بلیتێكی بۆ دەردەكرێت كە تێیدا نوسراوە اشهد ان لا اله لاالله واشهد ان محمد عبده ورسوله . ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگارئەم پلیتە سودی چیە بەرامبەر ئەو هەموو سجلە تاوانانە؟! پێی دەوترێت تۆ ستەمت لێ ناكرێت ، سجلەكان لە لایەكی تەرازوەكە دادەنێنو بلیتەكەیش لە لایەكەی تری ، سجلەكان سووك دەبن و بلیتەكە قورس دەبێت.

وە (لا اله الا الله) فەزڵی زۆری هەیە الحافظ ابن رجب لە نامیلكەكەیدا بە ناوی (كلمة الإخلاص) هەندێك لەو فەزڵو گەورەییانەی باس كردووە،لەوانە: (لا اله الا الله) نرخی بەهەشتە ، وە هەر كەسێك دوا ووشەی لە دونیادا (لا اله الا الله) بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ،كە رزگار بوونە لە ئاگری دۆزەخ ، وە لێخۆشبوونی خوای گەورە پێویست دەكات ، وە باشترین چاكەیە وە تاوانو خراپەی پێ دەسڕێتەوە ، وە ئەو باوەڕەی كە لە دڵدا ڕوێنراوە تازەی دەكاتەوە، وە نامەی كردەوە باشەكان قورس دەكات و كردەوەخراپەكانیش سوك دەكات ، هەموو بەربەستەكان دەبڕێت تا دەگاتە لای خوای گەورە ،وە ئەمە ئەو ووشەیەیە كە خوای گەورە بێژەرەكەی بە ڕاست دادەنێت ، وە باشترین ووشەیەكە كە پێغەمبەران ووتبێتیان ،وە باشترین زیكرە ، وە باشترین كردەوەیە وە لە هەموویان زیاتر پاداشتی چەند جارێكە .وە بەرامبەر ئازادكردنی بەندەیەكە، وە دەبێتە پارێزەرێك لە شەیتان ،وە ئارامیە لە چۆڵیو ترسناكی ناو گۆڕو ناخۆشی گۆڕەپانی حەشر ، وە دروشمی باوەڕدارانە كاتێك لە گۆڕەكانیان بەرز دەبنەوە ، وە یەكێكی تر لە فەزڵو گەورەیی ئەم ووشەیە ئەوەیە كە هەر هەشت دەرگاكەی بەهەشت بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بێژەرەکەی دەکرێتەوە بچێتە بەهەشتەوە لە کام دەرگایەوە کە خۆی ویستی لێ بێت .**

**وە یەکێکی تر لە فەزڵ و گەورەیی ئەم ووشەیە ئەوەیە کە خاوەنەکەی ئەگەر بکرێتە دۆزەخەوە بەهۆی کەمتەرخەمیکردن لە مافەکانی بەڵام لە پاشانداهەر ئەبێت دەربچێت لە دۆزەخ.**

**ئەمە سەردێڕی فەزڵ و گەورەیی (لا اله الا الله) یە کە ابن رجب لە نامیلکەکەیدا باسی کردووە وە بۆ هەریەکەیان بەڵگەی هێناوەتەوە(٢١)**

## 3-شیکردنەوەی ( لا اله الا الله ) و پایەکانی و مەرجەکانی:

### أ-شی کردنەوەی( لا اله الا الله ) (اعراب کردنی ):

**ئەگەر تێگەیشتنی مانا ڕاوەستا بێت لە سەر زانینی اعرابی ڕستەکان ، ئەوا زانایان -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- گرنگی زۆریان داوە بە اعراب کردنی (لا اله الا الله) ، وە دەڵێن :**

**لا :نافیە للجنس**

اله :اسمها مبني معها على الفتح وخبرها محذوف تقديره (حق) اي لا اله حق الا الله: استثناء من الخبر المرفوع .

والاله: معناه المألوه بالعبادة : **واتە: پەرستراوە بە پەرستن .**

**واله : ئەوەیە کە دڵەکان بە خوای دەزانن و مەبەستیانەو ڕەغبەتیان هەیە بۆ لای بۆ دەستکەوتنی سود یاخود لابردنی زیان.**

**وە کەسێك بەهەڵەدا چوە ئەگەر خەبەرەکەی دابنێت بە وشەی (موجود او معبود) بەتەنها ، چونکە پەرستراوی تر زۆرن لە بت و نەزرگاو گۆڕو جگە لەمانە ، بەڵام پەرستراوی بەحەق کە شایانی پەرستن بێت (الله)یە وە جگە لەو پەرستراوی تر بەتاڵن و پەرستنەکـەیـان بەتاڵە ، کە ئەمەیش داخوازی هەردوو پایەکەی (لا اله الا الله) یە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ب. هەردوو پایەکەی ( لا اله الا الله ):**

**لا اله الا الله) دوو پایەی هەیە : پایەی یەکەم نەفی کردن وە پایەی دووەم جێگیرکردن .**

**مەبەست لە نەفی کردن نەفی خوایەتیيە جگە لە خوای گەورە لە تێکڕای دروست کراوەکان .**

**وە مەبەست لە جێگیر کردن جێگیرکردنی خوایەتیيە بۆ خوای گەورە کە هەر ئەو پەرستراوی حەقە وە جگە لەو ئەو خوایانەی کە بێباوەڕان بۆ خۆیانیان بڕیار داوە هەمووی بەتاڵە.**

**خوای گەورە دەفەرمێت:** [ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ] (٢٢).

**واتە: خوای گەورە بەتاكو تەنها پەرستراوی حەقە وە ئەو پەرستراوانەی تر کە هاوبەش بڕیاردەران جگە لە خوای گەورە دەیانپەرستن ئەوانە پەرستراوی بەتاڵن .**

**پێشەوا ابن القيم دەفەرمێت: بەڵگەی (لا اله الا الله) لەسەر جێگیرکردنی خوایەتی خوای گەورە گەورە ترە لە بەڵگەی ووتنی (الله اله) واتە: الله خواو پەرستراوە ، چونکە ووتنی الله خواو پەرستراوە نەفی خوایەتی جگە لە الله ناکات بە پێچەوانەی (لا اله الا الله) واتەهیچ پەرستراوێکی حەق نیيە کە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله کە ئەمە وا دەخوازێت خوایەتی کورت بکرێتەوەو نەفیبکرێت لەجگە لەخوای گەورە ، هەروەها هەرکەسیك ڕاڤەی (الله)بکات بەتوانا بوون بە سەر داهێناندا بەتەنها ئەوە هەڵەی کردووە هەڵەیەکی ناشیرین.**

**الشيخ سليمان بن عبدالله لە ڕاڤەی کتابی التوحيد دا دەفەرمێت: ئەگەر ووترا ئەوا مانای (الاله والالهية)خواو خوایەتی ڕوون کرایەوە، ئایا وەڵام چیيە بۆ ووتەی کەسێك کە بڵێت مانای (الاله) بریتیيە لە توانا بوون بەسەر داهێناناو**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوشێوەی ئەم ڕستانە؟
دەووترێت: وەڵام لە دوو ڕووەوەیە ، ڕوویەکیان ئەوەیە کە ئەم قسەیە قسەیەکی داهێنراوە هیچ کەس لە زانایان یاخود پێشەوایانی زمانەوانی نازانرێت ئەم قسەیەیان کردبێت وە قسەی زانایان و پێشەوایانی زمان ئەو مانایە بوو کە پێشتر باسمان
کرد (٢٣) بۆیە بەتاڵی ئەم قسەیە دەردەکەوێت .
ڕووی دووەم: ئەگەر وا دابنێن کە ئەم قسەیە ساغو تەواوە ئەوا ڕاڤە کردنە بە پەیوست بوونی بە پەرستراوی حەقەوە کەوا پێویست دەکات دروست کەر بێتو توانای هەبیت بەسەر داهیناندا ، وە هەر کاتێك وا نەبوو ئەوا پەرستراوی حەق نیە هەرچەندە ناوببرێت بە خوا ، مەبەستی ئەوە نیە کە هەرکەسێك بزانێت خوا توانا دارەو دەسەڵاتی هەیە بەسەر داهێناندا ئەوا هاتۆتە ناو ئیسلامەوە و مەبەستی کلیلی دەرگای ئیسلامی جێبەجێکردووە ، ئەمە قسەیەکە کە هیچ کەسێك نایڵێت ، چونکە ئەم قسەیە وا پێویست دەکات کە  کافرانی عەرەبیش موسڵمان بووبێتن ئەگەر وا دابنێین کە هەندێ لە پاشینەکانی ئەم دوایە مەبەستیان ئەوە بووبێت ئەوا هەڵەن وەڵامیان دەدرێتەوە بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەتو عەقڵ (٢٤)

جـ. مەرجەکانی ( لا اله الا الله ):
لا اله الا الله) سود بە بێژەرەکەی ناگەیەنێت بە حەوت مەرج نەبێت کە ئەمانەن :
یەکەم: زانیاری بە ماناکەی لە نەفیکردنو جێگیرکردندا، هەرکەسێك بیڵێت و ماناکەیو ناوەڕۆكو داخوازییەکەی نەزانێت ئەوا سودی پی ناگەیەنێت ، چونکە باوەڕی نەبووە بەوەی کە بەڵگە بووە لەسەری وەکو کەسێك قسە بکات

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بە زمانێك‌و لیَی تیَ نەگات.

دووەم: دڵنیایی کە بریتی‌یە لە تەواویێتی زانیاری پیَی کە دژی گومان‌و دوو دڵی‌یە .

سێیەم : نیەت پاکی‌و دڵسۆزی کە نەفی هاوبەش بڕیاردان دەکات ، کە (لا اله الا الله) دەلالەت لەسەری دەکات.

چوارەم: ڕاستگۆیی کەبەربەستە لە دوو ڕوویی ، چونکە دووڕووەکان بە زمانیان دەیڵێن و باوەڕیان بە دەلالەت لەسەرکراوەکە نی‌یە.

پیێنجەم: خۆشەویستی بۆ ئەم ووشەیەو ئەوەی کە ئەم ووشەیە دەلالەت بکات لەسەری، وخۆشحاڵ بوون بەم شتە بە پیێچەوانەی ئەوەی کە دوو ڕووەکانی لەسەرە.

شەشەم: خۆ پەیوەست کردن بە جیَبەجیَکردنی مافەکانی کە بریتی‌یە لە کردەوە فەرزەکان بەنیاز پاکی بۆ خواو داواکردن و مەبەستی ڕەزامەندی‌یەکەی ، کە ئەمە داخوازی‌یەکەیەتی .

حەوتەم: وەرگرتن کە نەفی ڕەتکردنەوە دەکات (٢٥) ئەمەیش بە خۆ پەیوەست کردن بە فەرمانەکانی خوای گەورە و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی دەبێت .

وە ئەم مەرجانە زانایان وەریان گرتووە لە دەقەکانی قورئان‌و سوننەت کە بە تایبەت لەسەر ئەم ووشە گەورەیە هاتون‌و ڕوون کەرەوەن بۆ مافەکان و بەستەرەوەکان‌و مەرجەکانی، وە تەنها ووتەیەك نی‌یە بە زمان بوترێت.

**4-مانای ( لا اله الا الله ) و ناوەڕۆك‌و داخوازی‌یەکانی :**

پێشتر مانای (لا اله الا الله) مان بۆ ڕوون بوەوە کە بریتی‌یە لەوەی کە هیچ پەرستراوێکی حەق نی‌یە تەنها یەك پەرستراو نەبێت کە (الله) یە بە تەنهاو هاوبەشی نی‌یە، چونکە هەر ئەو شایەنی پەرستنە وە ناوەڕۆکی ئەم ووشە گەورەیە ئەوە دەگرێتە خۆی کە جگە لە خوای گەورە لە تیێکڕای

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پەرستراوەکانی تر پەرستراوی حەق نین و بەتاڵن، چونکە شایەنی پەرستن نین، بۆیە زۆر جار فەرمان کردن بە پەرستنی خوای گەورە لەگەڵ نەفی پەرستن لە جگە لە خوای گەورە پێکەوە دێت ، چونکە پەرستنی خوای گەورە ڕاستو دروست نیيە لە گەڵ هاوبەش کردنی جگە لە خۆی لەگەڵیدا لە پەرستندا ، خوای گەورە دەفەرمێت:-**

[ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لا انْفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عليم ](٢٦).

**واتە:هەرکەسێك بێباوەڕ بێتو کوفر بکات بە تاغوت وە باوەڕ بهێنێت بە خوای گەورە ئەوا بە تأکیدی دەستی گرتووە بە پەتی بەهێزەوە و بچڕانو کردنەوەی بۆنیيەو دەیگەیەنێت بە بەهەشت وە خوای گەورە بیسەرو زانایە .**

**وە دەفــەرمێت :**[ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً] (٢٧).

**واتە: بە تاكو تەنها خوای گەورە بپەرستن، وە هیچ هاوبەشی بۆ بڕیارمەدەن.**

**وە دەفەرمێت:**[ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ] (٢٨).

**واتە: بەجەخت لەسەرکراوی بۆ هەموو کۆمەڵە مرۆڤــێك کە لە شوێنێكدا ژیابێتن پێغەمبەرێکمان ناردوە بۆیان کە پێانی فەرمووە بە تاکو تەنها خوای گەورە بپەرستنو خۆتان دوور بخەنەوە لە تاغوت.**

**وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت:**[ من قال لا اله الا الله وكفر بما يعبد من دون الله حرم دمه وماله](٢٩).

**واتە: هەرکەسێك بڵێت (لا اله الا الله) وە کوفر بکاتو بێباوەڕ بێت بەو پەرستراوانەی کە جگە لە خوای گەورە دەپەرسترێن ئەوا خوێن وماڵی حەرامو پارێزراو دەبێت.**

**وە هەموو پێغەمبەرێك بە نەتەوەی خۆی دەفەرموو:**[ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ](٣٠).

**واتە: بە تاكو تەنها خوای گەورە بپەرستن چونکە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تری حەقتان نی‌یە کە شایانی پەرستن بێت.
وە جگە لەم بەڵگانە بەڵگەی تر زۆرە.
پێشەوا ابن رجب –ڕەحمەتی خوای لێبێت– دەفەرمێت:( جێ بەجێ کردنی ئەم مانایەو ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە بەندە دەڵێت:(لا اله الا الله) وا دەخوازێت و پێویست دەکات کە هیچ پەرستراوێکی تری نەبێت جگە لە الله ، و(الاله) ئەوەیە کە گوێڕایەڵی دەکرێت و سەرپێچی فەرمانەکانی ناکرێت لە ترس و بەڕێزیی و خۆشویستن و بە هیوا بوون و پشت بەستن پێی و داواکردن لێی و پاڕانەوە لەو ، کە ئەمانە هیچیان ناگونجێن و دروست نین تەنها بۆ خوای گەورە نەبێت .
بۆیە کاتێك کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە کافرەکانی قورەیشی فەرموو: بڵێن (لا اله الا الله) ئەوانیش لە وەڵامدا ووتیان :
[ أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ] (٣١).
واتە: ئایا هەموو خوایەکانی کردووە بە یەك خواو داوای پەرستنی یەك خوامان لێدەکات بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیرو سەرسوڕهێنەرە .
لەم ووشەیە تێگەیشتبون کەوا پەرستنی هـەموو بتەکان بەتاڵ دەکاتەوە و پەرستن کورت دەکاتەوە بۆ خوای گەورە بەتەنها ، کە کافرەکانیش ئەم شتەیان نەدەویست بەمە دەرکەوت کە ماناو ناوەڕۆك و داخوازی (لا اله الا الله) بریتی‌یە لە بەتاك زانینی خوای گەورە لەپەرستندا، وە وازهێنان لە پەرستنی جگە لە خوای گەورە، کە بەندە دەڵێت (لا اله الا الله) ئەوا پێویستێتی بەتاك زانینی خوای گەورەی بە پەرستن و بەتاڵی پەرستنی جگە لە خوای گەورەی ئاشکرا کردووە، لە بتەکان و گۆڕەکان و پیاو چاکان ، وە بەمە ئەوەی بەندەی گۆڕەکان و هاوشێوەکانیان ئەمڕۆ باوەڕیان پێیەتی لەوەی کە مانای (لا اله الا الله) بریتی‌یە لە دان نان بەوەی کە خوای گەورە بونی هەیە ، یاخود دروست کەرو دەسەڵات دارە لەسەر داهێنان و هاوشێوەی ئەم قسانە بەتاڵ دەبێتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ياخود بڵێن ماناى ( لا اله الا الله ) بريتىيه لەوەى كە هيچ فەرمانڕەوايەك نىيه جگە لە خواى گەورە** ، وە وا گومان دەبەن كە هەركەسێك باوەڕى وا بێت و (لا اله الا الله) ى پىێ ڕاڤە بكات ئەوا يەك خواپەرستى بەربلاوى جىێبەجىێكردوە ، هەرچەندە چەنديێك پەرستنى جگە خواى گەورە بكات ، وە باوەڕى بە مردوەكان هەبێت كە سودو زيانيان بە دەستەو خۆى نزيك بكاتەوە لىێيان بە ئاژەڵ سەربڕين بۆيان و پەيمان بەستن لەگەڵيان و سوڕانەوە بە دەورى گۆڕەكانيان وە خۆڵەكەيشيان بەبەركەت بزانێت، وە ئەم كەسانە هەستيان نەكردوە و نەيانزانيوە كە كافرە عەرەبەكانى سەرەتا بەشداريان لەگەڵدا دەكەن لەم بيرو باوەڕەياندا و ئەوانيش دەيانزانى كە خواى گەورە دروست كەرەو دەسەلاٌتدارەو تواناى هەيە بەسەر داهێناندا و دانيان بەم شتانەدا دەنا، و جگە لە خواى گەورەيان نەدەپەرست تەنها لەبەر ئەوە نەبێت كە بەقسەى خۆيان دەيان ووت لە خواى گەورەمان نزيك دەكەنەوە، نەك لەبەر ئەوەى كە بتەكانيان دروست كەرو ڕۆزى دەرن.

**وە حاكميەت بەشێكە لە ماناى ( لا اله الا الله ) نەك مانا ڕاستەقينەيىيەكەى بێت كە داوا كراوە ، بۆيە حوكم كردن بە شەريعەت لە مافەكان و سنورەكان و كێشەكاندا بەس نىيه لەگەڵ بوونى هاوبەش بڕياردان لە پەرستندا .**

وە ئەگەر ماناى (لا اله الا الله) بەو شێوەيە بوايە كە ئەو جۆرە كەسانە دەيلێن ئەوا هيچ كێشەيەك لە نێوان پێغەمبەر (صلى الله عليه واله وسلم) و هاوبەش بڕياردەراندا نەدەبوو، بەڵكو پەلەيان دەكردوو دەست پێشخەرى وەلاٌمدانەوەى پێغەمبەريان (صلى الله عليه واله وسلم) دەكرد ئەگەر پێيانى بووتايە دان بنێن بەوەىكە خواى گەورە تواناى هەيە بەسەر داهێناندا ، ياخود دان بنێن بە بوونى خواى گەورەدا ، ياخود حوكم بكەن بە شەريعەت لە خوێن و ماڵ و مافەكان و بىێ دەنگ بوايە لە پەرستن.

بەلاٌم كافرەكانى عەرەب كە خۆيان خاوەنى زمانى عەرەبى بوون تىێگەيشتن كە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەگەر بڵێن (لا اله الا الله) ئەوا دانیان ناوە بە بەتاڵی پەرستنی بتەکاندا، وە ئەم ووشەیە بەتەنها وشەیەکی بێمانا نییە .بۆیە ڕایان کرد لێیو ووتیان [** أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ](٣٢).

**واتە:ئایا محمد** (صلى الله عليه وآله وسلم) **هەموو خوایەکانمانی کردووە بەیەك خواو داوای پەرستنی تەنها خوایەکمان لێ دەکات ئەمە شتێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەرە.**

**هەروەهاوەکو خوای گـــەورە دەربـــارەیـــان دەفـــەرمێت:**

[ إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ وَيَقُولُونَ أَإِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ] (٣٣).

**واتە: کافرەکان کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه واله وسلم) پێیانی بوتایە بڵێن (لا اله الا الله) نەیان دەوتو وەریان نەدەگرت لە خۆ بەگەورە زانینیاندا ، وە دەیان ووت ئایا ئێمە واز لە خواکانمان بهێنین بۆ شاعیرێکی شێت.**

**دەیانزانی کە (لا اله الا الله) وا دەخوازێت کە دەست بەرداری پەرستنی جگە لە خوای گەورە بن و خوای گەورە بەتاك ڕابگرن لە پەرستندا ، وە ئەگەر ئەوان بیانوتایە (لا اله الا الله) وە بەردەوام بونایە لەسەرپەرستنی بتەکانیان ئەوا لەگەڵ نەفسی خۆیاندا دژ بەیەك ڕادەوەستان، وە ئەوان خۆیان بەرزو پاك دەگرت لە دژ بەیەك بوون لە گەڵ نەفسی خۆیاندا .**

**بەڵام بەندەی گۆڕەکان ئەمڕۆ خۆیان لەو دژ بەیەكو هەڵوەشاندنەوە ناشیرینە ناپارێزن و دەڵێن (لا اله الا الله) پاشان هەڵیدەوەشێننەوە بە پەرستنی مردووەکان و خۆ نزیك کردنەوە لە ئارامگاو گۆڕەکان بە جۆرەها پەرستن ، دەی کەسێك لەناو چێت کە أبو جهل و أبو لهب لەو زانا تر بن بە مانای (لا اله الا الله) .**

**دەست کەوتوو ئەوەیە کە هەرکەسێك (لا اله الا الله) بڵێتو ماناکەی بزانێت و ئیش بکات بەناوەڕۆك و داخوازییەکەی بەئاشکراو نهێنی لە نەفی کردنی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوبەش بڕیاردان و جێگیرکردنی پەرستن بۆ خوای گەورە لەگەڵ بیروباوەڕێکی یەکلا بە ناوەڕۆکەکەی و ئیش کردن پێ ی ئەوا ئەو کەسە بەڕاستی موسوڵمانە. وە هەرکەسێك لااله الا الله بڵێت و ئیش بکات بەناوەڕۆکەکەی بەئاشکرا بەبی باوەڕبوون بەوەی کە دەلالەت ئەکات لەسەری ئەوە مرۆڤــێکی دووڕووە (المنافق) .

وە هەرکەسێك (لا اله الا الله) بەزمان بڵێتو بەپێچەوانەیەوە هاوبەش بڕیار بدات بۆ خوا کە دژێتی ئەوا هاوبەش بڕیاردەرەو (لا اله الا الله) کەی هەڵوەشاندۆتەوە ، بۆیە دەبێت لەگەڵ ووتنی ئەم ووشەیە بەزمان ماناکەی بزانرێت، چونکە زانینی ماناکەی هۆکارێکە بۆ ئیش کردن بە ناوەڕۆکەکەی . خوای گەورە دەفەرمێت:[ إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ]*.

واتە: تەنها کەسێك نەبێت کە شایەتی بە حەق دابێت واتە بە یەك خواپەرستی لەسەر زانستو چاوڕۆشنایی ئەوا تکاکاران تکایان بۆ دەکەن ئەگەر خوای گەورە ڕێگایان پێ بدات .

وە ئیش کردن بە ناوەڕۆکەکەی پەرستنی خوای گەورەیەو کوفرکردنە بە پەرستنی جگە لە خوای گەورە کە ئەمەیش مەبەستە لەم ووشەیە ، وە لە ناوەڕۆكو داخوازی (لا اله الا الله) وەرگرتنی شەریعەتی خوای گەورەیە لە پەرستنەکانو هەڵسوکەوتەکانو حەلاڵو حەرام کردنو ڕەتکردنەوەی شەریعەتی جگە لە خوای گەورەیە. خوای گەورە دەفەرمێت:
[ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ]٣٤.

واتە: ئایاهاوبەش بڕیاردەریان بۆخۆیان داناوە کە لە دیندا یاسایان بۆ دادەنێت کە خوای گەورە ڕێگەیشی پی نەداوە.

بۆیە دەبێت شەریعەتو یاسای خوای گەورە وەربگیرێت لە پەرستنەکانو هەڵسوکەوتەکانو کردەوەکانو بڕیاردان لە نێوان خەڵکیدا لەو شتانەی کە تێیدا جیاوازن لە شێوازی تاکەکەسیو جگە لەمانە وە ڕەتکردنەوەی یاسا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانراوەکان ، وە مانای ئەمە بریتیىیە لە ڕەتکردنەوەی هەموو بیدعەو ئەفسانەیەك کە شەیتانەکانی جنىو مرۆڤـــــ دایانهێناوە وە بڵاوی دەکەنەوە لە پەرستنەکان، کە هەرکەسێك ئەگەر شتێك لەمانە وەربگرێت ئەوە هاوبەش بڕیاردەرە لە گوێڕایەڵی کردندا وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:[ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّه)*
وە دەفەرمێت:( وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ](٣٥).

واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی شەیتانو بێباوەڕەکان بکەن ئەوا بە تأکیدی ئێوەیش دەبن بە هاوبەش بڕیاردەر بۆخوای گەورە .

وە دەفەرمێت:[ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّه](٣٦).

واتە: جولەکەو گاورەکان زاناو خواپەرستەکانیان کردبوو بە پەروەردگارو لە جگە لە خوای گەورە و دەیانیان پەرست .

وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم ئایەتەی خوێندەوە بەسەر عدی کوری حاتمی الطائي –خوای لێ ڕازی بێت– ئەویش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە پێشتر ئەوانمان نەدەپەرست (پێشتر گاور بوو) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: [اليس يحلون لكم ما حرم الله فتحلونه ويحرمون ما احل الله فتحرمونه :قال:بلى ،قال النبي (صلى الله عليه وسلم) فتلك عبادتهم](٣٧).

واتە:ئایا ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردبوو حەڵاڵیان ناکرد بۆتان ئێوەیش حەڵاڵتان دەکرد و بەقسەیانتان دەکرد ، وە ئەوەی خوای گەورە حەلاڵی کردبوو حەرامیان ناکرد لێتان ئێوەیش بەقسەیانتان دەکردو حەرامتان دەکرد؟ فەرموی: بەڵێ . پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموی: دەی ئەوە پەرستنی ئەوانە.

شێخ عبدالرحمن بن حسن –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– دەفەرمێت:( گوێڕایەڵی کردنیان لەسەرپێچیکردندا بوو بە پەرستنێك بۆ جگە لە خوای گەورە وە بەهۆی ئەمەوە کردیانیان بە پەروەردگار بۆ خۆیان جگە لە خوای گەورە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەروەك و چۆن ئەمڕۆ لە ناو ئەم ئومەتەدا ڕوو دەدات ، کە ئەمەیش هاوبەش بڕیاردانی گەورەیە و دژی ئەو یەك خوا پەرستی‌یەیە کە شایەتی دانی (لا اله الا الله) دەلالەتی لەسەر کردوە... کەواتە ڕوون بوەوە کە ووشەی نیاز پاکی (لا اله الا الله) نەفی هەموو ئەو شتانە دەکات چونکە ئەمانە نەفی دەلالەت لەسەر کراوی (لا اله الا الله) دەکەن (٣٨)

بەهەمان شێوە پێویستە حوکم بردن بۆ لای یاسا دەستکردەکان ڕەت بکرێتەوە چونکە پێویستە حوکم ببرێت بۆ لای قورئانی خوای گەورە و واز بهێنرێت لە حوکم بردن بۆ لای جگە لە قورئان لە یاساو دەستورە مرۆڤـــ کردەکان.

خوای گەورە دەفەرمێت:[ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ](٣٩ ).

واتە: ئەگەر کێشە کەوتە نیوانتان لە هەر شتێکدا بێت ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم)(قورئان و سوننەت).

وە دەفەرمێت:[ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي](٤٠).

واتە: ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوانتانەوە لەهەر شتێکدا ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ لای خوای گەورەو خوای گەورە بڕیار دەدات لە نێوانتاندا، وە هەر ئەو خوایە پەروەردگاری منە.

بەجەخت لەسەرکراوی خوای گەورە بڕیاری کوفرو ستەم و لەڕێ دەرچوونی دا بەسەر هەرکەسێکدا کە حوکم نەکات بە قورئان وە نەفی باوەڕی لێ کرد کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حوکم نەکردن بە قورئان ئەگەر حاکمەکە بە حەلاڵی دانا یاخود وای بینی کە گونجاوترە لە قورئان و چاکترە ئەمە کوفرو هاوبەش بڕیاردانە نەفی یەك خوا پەرستی دەکات و ( لا اله الا الله ) هەڵدەوەشێنێتەوە بەتەواوی، بەڵام ئەگەر حوکمی کرد بە جگە لە قورئان و بە حەلاڵی نەزانی و باوەڕی وا بوو کە حوکمی خوای گەورە پێویستە حوکمی پێبکرێت ، بەڵام هەواو ئارەزووی پاڵی پێوەنا سەرپێچی بکات ئەوا کوفری بچوك و هاوبەش بڕیاردانی بچوکە و ماناو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ناوەڕۆکی ( لا اله الا الله ) کەم دەکاتەوە.**

**کەواتە (لا اله الا الله) بەرنامەیەکی تەواوکراوەو پێویستە زاڵ بێت بەسەر ژیانی موسڵمانانو هەموو پەرستنو هەڵسوکەوتەکانیان، وە تەنها ووتەیەك نیيە کە بوترێتەوە بۆ بەرەکەت یاخود بخوێنرێت لە ویردەکانی بەیانیانو ئێوارانداو بەبێ تێگەیشتن لە ماناکەیو ئیش کردن بە ناوەڕۆکەکەی و ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازەکەی، هەروەكوچۆن زۆرکەس وا گومان دەبەن.لەوانەی کە بە زمان دەیلێنو پێچەوانەی دەکەن لە بیروباوەڕو هەڵسوکەوت کردنیاندا وەلە ناوەڕۆكو داخوازی (لا اله الا الله) جێگیرکردنی ناوو سیفاتەکانی خوای گەورەیە کەوا خۆی ناوی لە خۆی پی ناوەو وەسفی نەفسی پیرۆزی خۆی پی کردوە، یاخود پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ناوی لیٚناوەو وەسفی کردوە لە فەرمودە ڕاستەکانیدا.**

**خوای گەورە دەفەرمێت:**[ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ] (٤١).

**واتە: خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە ئێوە بپاڕێنەوە لە خوای گەورە بە هۆی ئەو ناوە جوانانەوە، وە واز لەو کەسانە بهێنن کە بێباوەڕن بە ناوەکانی خوای گەورە ، ئەوانە سزای ئەو کردەوە خراپانەیان وەردەگرن لە دواڕۆژدا.**

**لە (فتح المجید) دا دەفەرمێت:( بنچینەی الالحاد لە قسەی عەرەبدا بریتیيە لە لادان لە مەبەستو لاربوونەوەو ستەمو لەڕێ دەرچوون ، وە ناوەکانی خوای گەورە هەمووی ناوو وەسفن خوای گەورە خۆی پێیان ناساندوە بە بەندەکانی ، وە بەڵگەن لە سەرتەواوێتی خوای پیرۆزو بەرز.**

**وە دەفەرمێت:**(٤٢)( الألحاد)**بی باوەڕبوونە لە سیفاتی خوای گەورەدا یان بە بەرهەڵستی کردنو ئینکاری کردن دەبێت یاخود بە بەرهەڵستی ماناکانیو لە کار خستنیان دەبێت یاخود بە گۆڕینیان دەبێت لە ڕاستی و دەرکردنیان دەبێت لە حەق بە لادانی ماناکەی، یاخود بەوە دەبێت کە ناوو سیفاتی خوای**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورە بەکاربهێنن بۆ ئەم دروست کراوانە وەك‌و بێباوەڕی (اهل الاتحاد) كە ناوو سیفاتی خوای گەورەیان کردوە بەهی ئەم بونەوەرە بەچاك‌و خراپی‌یەوە .........تەواو بوو.

جا هەرکەسێك بێباوەڕی بکات لە ناوو سیفاتی خوای گەورەدا بە لەکارخستن‌و گۆڕین‌و ڕەت کردنەوە ، وە باوەڕی نەبێت بەو مانا پیرۆزانەی کە دەلالەت دەکات لەسەری وەك‌و جەهمی‌یەکان و موعتەزیلەکان‌و ئەشعەری‌یەکان ئەوە پێچەوانەی دەلالەت لەسەر کراوی (لا اله الا الله) ی کردووە ، چونکە خوا ئەوەیە کە دوعای لێدەکرێت‌و خۆی لێنزیك دەکرێتەوە بە ناوو سیفاتەکانی ، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:( (فادعوه بها) واتە دوعای پێبکەن لە خوای گەورە ، وە ئەوەی ناوو سیفاتی نەبێت چۆن دەبێت بە خوا وە چۆن دوعای لێدەکرێت وە بە چی لێی دەپاڕێیتەوە .

پێشەوا ابن القیم –ڕەحمەتی خوای لێبێت– دەفەرمێت:( زانایان لەزۆر حوکمەکانیان کێشەیان هەبووە، بەڵام هیچ کێشەیان نەبووە لە ئایەتەکانی هەواڵ‌و سیفاتەکانیدا، لە تەنها شوێنێکیشدا ، بەڵکو هاوەڵان‌و شوێن کەوتوان یەك دەنگ بوون لەسەر دان نان پێیاندا وەکو خۆی چۆن هاتووە لەگەڵ تێگەیشتنی ماناکانیان وە جێگیرکردنی ڕاستیەکانیان کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە لە هەردوو جۆرەکەی تر زیاتر ڕوون کراوەتەوە وە بایەخ دان بە ڕوون کردنەوەی گرنگترە ، چونکە لە تەواوێتی جێبەجێکردنی هەردوو شایەتمانەکەدایە وە جێگیرکردنێتی لە پێویستی‌یەکانی یەکخواپەرستی بۆیە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) ڕوونیان کردۆتەوە ڕوونکردنەوەیەکی تەواو کە هیچ گومان و ئاڵۆزی‌یەکی تێ‌ناکەوێت.

وە ئایەتەکانی ئەحکام لەوانەیە کەس لە ماناکەی تێ نەگات تەنها کەسانێکی تایبەت نەبن لە ناو خەڵکی (زانایان) بەڵام ئایەتی سیفات لە تێگەیشتنیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکی تایبەت و گشتی بەشدارن ، مەبەستم تێگەیشتنی بنچینەی ماناکەیە نەك نهێنیی و چۆنێتییەکەی (٤٣)
هەروەها دەفەرمێت:(وە ئەمە شتێکی زانراوە بە فیترەت و عەقڵی ساغ و پەرتوکە ئاسمانییەکان کە ئەوەی سیفاتی تەواوی نەبێت، نابێت بە خواو هەڵسوڕێنەرو پەروەردگار بەڵکو زەم کراوەو ڕەخنە لێگیراو وکەمکراوە ، نە لەسەرەتادا نەلە کۆتایدا سوپاسی بۆ نییە ، بەڵکو لە سەرەتاو کۆتایدا سوپاس بۆ ئەوەیە کە سیفاتی تەواوو پیرۆزی هەبێت کە بە هۆیەوە شایانی پەرستن بێت ، بۆیە پێشینەکان ئەو دانراوانەی کە دایان ناوە لە سوننەت و جێگیرکردنی سیفاتی پەروەردگارو بەرزی بەسەر دروست کراوەکانیی و قسەو قسەکردنی: ناویان ناوە یەکخواپەرستی ، چونکە نەفی ئەو شتەو بەرهەڵستیکردنیی و کوفرکردن پێی بەرهەڵستی کردنی دروست کەرو ئینکاری کردنێتی ، بەڵکو یەکخواپەرستیپێویستە لە جێگێرکردنی سیفاتە تەواوەکانی و بە پاك ڕاگرتنی لە چواندنی بە دروست کراوەکانی وە لە زەم کردنی بە خراپ باس کردنی .(٤٤)

**٥-چ کاتێك ووتنی ( لا اله الا الله ) سود بە مرۆڤـــــ دەگەیەنێت وە چ کاتێك سودی پی ناگەیەنێت؟:**

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ووتنی (لا اله الا الله) پێویستە زانینی ماناکەو ئیش کردن بە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ دا بێت ، بەڵام چونکە چەند دەقێك هەیە گومانی پی دەبرێت کە تەنها ووتنی بەدەم بەسە هەندی لە خەڵکی خۆیان هەڵواسیوە بەم گومانەوە ، بۆیە وای پێویست کرد کە ئەم شتە ڕوون بکرێتەوە تا ئەم گومانە نەمێنێت لای کەسێك کە حەقی بوێت ، شێخ سلیمان بن عبدالله –ڕەحمەتی خوای لێبێت– لە سەر فەرمودەکەی عتبان دەفەرمێت: کە تێیدا **هاتووە** [ فان الله حرم على النار من قال (لا اله الا الله) يبتغي بذلك وجه الله] (٤٥).

واته:بەڕاستی خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر ئــاگری دۆزەخ هەرکەسێك بسوتێنێت کە بڵێت لا اله الا الله مەبەستی بەمە ڕووی خوای گەورە بێت.

دەفەرمێت: بزانە چەند فەرمودەیەك هاتووە ڕووی دەرەوەی وایە کە هەرکەسێك هەردووشایەتمانەکە بهێنێت ئەوا حەرام دەکرێت لەسەر ئاگری دۆزەخ وەکو ئەم فەرمودەیەو فەرمودەکەی انس کە دەفەرمێت:﴿کان النبي – صلیالله علیه وسلم- و معاذ ردیفه علی الرحل فقال: یا معاذ قال: لبیك یارسول الله و سعدیك، قال: (مامن عبد یشهد ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله الا حرمه الله علی النار](٤٦).

واتە: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەسەر ووشترێك بوو معاذیش(خوای لێ ڕازی بێت) لە پشتییەوە سوار ببوو، فەرمووی : ئەی معاذ ، ئەویش فەرمووی : بەڵێ: وەڵامو بەختەوەری بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ، ئەویش فەرمووی:(هیچ بەندەیەك نییە شایەتی بدات بە (لا اله الا الله و محمد رسول الله) الا خوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر ئاگری دۆزەخ و نایکاتە ناوییەوە.

ولمسلم عن عبادة مرفوعاً:[ ومن شهد ان لا اله الا الله وان محمداً عبده ورسوله حرمه الله علی النار](٤٧).

واتە:هەر کەسێك شایەتی بدات بەوەی کە (لا اله الا الله ومحمدعبدهورسوله) ئەوا خوای گەورە ئاگری دۆزەخی لەسەرحەرام دەکات ونایکاتە ناوییەوە.

وە فەرمودەی تر هاتووە کە تێیدایە هەر کەسێك هەردوو شایەتمانەکە بڵێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، وە تێیدا نییە بڵێت ئاگری دۆزەخ حەرام دەکرێت لەسەری، لەوانە فەرمودەکەی عبادە کە بەم نزیکانە باس کرا وە فەرموودەی ابو هریرە –خوای لێ ڕازی بێت– کە لەگەڵ پێغەمبەر بوونە (صلی الله علیه وسلم) لە غەزای تەبوك فەرمودەکە کە تێیدا هاتووە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمێت:[ اشهد ان لا اله الا الله واني رسول الله لا یلقی الله بهما عبدا غیر شاك فیحجب عن الجنة](٤٨).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

واته: شایەتی ئەدەم بە (لا اله الا الله و محمد رسول الله) هیچ كەسێك نىیە بەم شایەتمانەوە بگات بە خوای گەورە وە گومانی تێیدا نەبێت پەردە لە نێوان ئەو وبەهەشتەدا نابێت ، واتە دەچێتە بەهەشتەوە .

**ئەوەی كە شێخ الاسلام** ابن تیمیة **فەرموویەتی :**

دەفەرمێت:( شێخ سلیمان بن عبدالله): باشترین شت كە ووترا بێت لە ماناكەیدا ئەوەیە كە شێخ الاسلام ابن تیمیە وجگە لەویش ووتویانە : كە ئەم فەرمودانە تەنها بۆ كەسێكە كە وتبێتی و لەسەری مردبێت ، هەروەكو چۆن بە بەستراوەیی هاتووە بە شتی ترەوە كە بیڵێت بە دڵسۆزی و نیەت پاكی‌یەوە لەدڵی‌یەوە، وە دڵنیا بێت تێیدا و گومانی تێیدا نەبێت بە ڕاستگۆیی و دڵنیایی‌یەوە بیڵێت ، چونكە ڕاستێتی یەك خوا پەرستی بریتی‌یە لە ڕاكێشانی گیان بۆ لای خوای گەورە بەوەی كە تۆبە بكات لە تاوانەكان تۆبەیەكی ڕاستەقینە ، ئەگەر بمرێت لەسەر ئەم حاڵەتە ئەوا بەهەشت بەدەست دەهێنێت ، چونكە فەرمودەكان متەواترن لەسەر ئەوەی كەوا هەركەسێك ووتبێتی (لا اله الا الله) كێشی دەنكە جۆیەك یاخود كێشی خەرتەلەیەك یاخود كێشی گەردێك چاكە لە دڵیدا بێت ئەوا لە ئاگری دۆزەخ دەردەكرێت، وە فەرمودەكان متواترن لەسەر ئەوەی كە زۆر كەس لەوانەی كە دەڵێن (لا اله الا الله) دەخرێنە دۆزەخەوە پاشان دەردەكرێن لێی ، وە فەرمودەكان متواترن لەسەر ئەوەی كە خوای گەورە حەرامی كردوە لەسەر ئاگری دۆزەخ كە شوێنەواری كڕنوش بسوتێنێت لە مرۆڤدا ، وە ئەو كەسانە كە نوێژیان دەكردو كڕنوشیان بۆ خوا دەبرد ، وە فەرمودەكان متەواترن لەسەر ئەوەی كە حەرام كراوە لەسەر ئاگری دۆزەخ هەركەسێك بڵێت (لا اله الا الله) وە هەركەسێك شایەتی بدات بە (لا اله الا الله محمد رسول الله) ، بەڵام

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەستراوەتەوە بە چەند بەستەرەوەیەکی قورس وە زۆر خەڵکی کە دەیڵێن نە دڵسۆزی دەزانن نە دڵنیایی، وە هەرکەسێك ئەمانە نەزانێت ئەوا لیَ‌ی دەترسرێت لەکاتی مردندا تاقیبکرێتەوە دەربارەی (لا اله الا الله) و نەتوانێت بیڵێت ، وە زۆر خەڵکی تر دەیڵێن بە لاسایی کردنەوەو داب‌و نەریت دەیڵێن و باوەڕ تێکەڵ خۆشی دڵیان نەبووە ، وە زۆربەی ئەوانە کە تاقی دەکرێنەوە لە کاتی مردن‌و لە ناو گۆڕ وێنەی ئەم کەسانەیە هەروەك‌و چۆن لە فەرمودەکەدا هاتووە [ سمعت الناس يقولون شيئاً فقلته] .

واتە: گوێم لیَ بوو خەڵکی شتێکیان دەوت منیش وەك‌و ئەوان ووتم.

وەزۆربەی ئیشی ئەم کەسانە بریتی‌یە لە لاسایی کردنەوە و شوێن کەوتنی هاوشێوەی خۆیان کـــە ئەمانە نزیـــك ترین خەڵکین لەم ئایەتەوە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

[ إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُون](٤٩).

واتە: ئێمە باوك‌و باپیرانی خۆمان لەسەر داب‌و نەریتێك بینیوە لە پەرستنی ئەم بتانە

وە ئێمە شوێنی شوێنەواری ئەوان دەکەوین.

وەلەم کاتەدا هیچ دژ بەیەك وەستانێك نابێت لە نێوان فەرمودەکاندا، ئەگەر کەسێك بە دڵسۆزی‌و دڵنیایی‌یەکی تەواوە بیڵیت ئەوا بەردەوام نابێت لەسەر تاوان ، چونکە تەواوێتی و دڵسۆزی‌و دڵنیایی‌وا پێویست دەکات کە خوای گەورەی لە هەموو شت لەلا خۆشەویست تر بێت ، ئەو کاتەیش هیچ ویستێك لە دڵیدا نامێنێت بۆ ئەو شتانەی کە خوای گەورە قەدەغەی کردوە ، وەپیَ ناخۆش بوونیشی نامێنێت بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە ، کە ئەمەیش ئەو کەسەیە کە ئاگری دۆزەخ حەرام دەکرێت لەسەری کە بیسوتێنێت ، هەرچەندە ئەگەر پێش ئەمە تاوانیشی هەبێت ، چونکە ئەم باوەڕەو ئەم تۆبەیە و ئەم دڵسۆزیە و ئەم خۆشویستنەو ئەم دڵنیایی‌یە هیچ تاوانێکی ناهێڵنەوە و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەیسڕنەوە هەروەك و چۆن شەو بە ڕۆژ دەسڕێتەوە .. قسەکەی تەواو بوو – ڕەحمەتی خوای لێبێت– (٥٠).

**ئەوەی کە شێخ محمد بن عبدالوهاب فەرمویەتی (٥١):**

دەفەرمێت:( گومانێکی تریان هەیە دەڵێن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرهەڵستی کرد لە ئوسامە کە ئەو پیاوەی کوشت کە ووتی (لا اله الا الله) وە فەرمووی :(اقتلته بعدما قال لا اله الا الله) ، واتە ئایا کوشتت لە پاش ئەوەی کە ووتی (لا اله الا الله) . وە چەند فەرمودەیەکی تریش دەربارەی دەست هەڵگرتن لەو کەسەی کە بڵێت (لا اله الا الله) ، وە مەبەستی ئەم کەسە نەزانانە ئەوەیە کە هەر کەسێك بڵێت (لا اله الا الله) کافر ناکرێت وە ناکوژرێت هەر چەندە چەندێك شت بکات و بکات. وە بەم کەسە نەزانانە دەوترێت کە زانراوەو ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کوشتاری جولەکەی کردو ئافرەتیانی بە جاریە برد لەگەڵ ئەوەی کە دەیانوت (لا اله الا الله) ، وە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کوشتاری بەنی حەنیفەیان کرد لە کاتێکدا کە شایەتیان دەدا بە (لا اله الا الله محمد رسول الله) ، وە نوێژیان دەکردو بانگەشەی ئیسلامیان دەکرد ، هەروەها ئەو کەسانەی کە عەلی کوڕی ابي طالب –خوای لێ ڕازی بێت– سوتاندیانی ، وە ئەم نەزانانە دان بەوەدا دەنێن کە هەرکەسێك باوەڕی بە زیندووبوونەوە نەبێت و بەرهەڵستی بکات ئەوا کافر بوەو دەکوژرێت هەرچەندە ئەگەر بڵێت (لا اله الا الله)، وە هەرکەسێك بەرهەڵستی پایەیەك لە پایەکانی ئیسلام بکات ئەوا

کافر دەبێت و دەکوژرێت هەرچەندە بڵێت (لا اله الا الله)، کەواتە چۆن سودی پێناگەیەنێت ئەگەر بەرهەڵستی شتێك لە لقەکانی دین بکات، وە سودی پێ دەگەیەنێت ئەگەر بەرهەڵستی یەکخواپەرستی بکات کە بنچینەو سەری دینی پێغەمبەرانە؟!(عليهم الصلاة والسلام) بەڵام دوژمنانی خوا لە مانای

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فەرمودەکان تێ نەگەیشتون.

وه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:( بەڵام فەرمودەکەی ئوسامە ئەوە پیاوێکی کوشت بانگەشەی ئیسلامی کرد بە هۆی ئەوەی وای گومان برد کە ئەو پیاوە بانگەشەی ئیسلامی نەکرد تەنها لە ترسی خوێنو ماڵەکەی نەبێت ، وە پیاو ئەگەر موسڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کرد ئەوە پێویستە دەستی لەسەر هەڵبگریت هەتا شتێکی لێ دەردەکەوێت کە پێچەوانەی ئیسلام بوونی بێت ، خوای گەورە لەم ڕووداوەدا ئەم ئایەتەی دابەزاند:

[ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا](٥٢).

واتە: ئەی باوەڕداران ئەگەر دەرچوون بۆ جیهاد کردن و کوشتارتان کرد لە پێناو خوای گەورەدا ئەوا لێکۆڵینەوە بکەنو دڵنیا بن لەوەی کە بەرامبەرەکەتان موسڵمانە یان نا .

ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویستە دەستی لەسەر هەڵبگیرێت و دڵنیایی بکرێت ئەگەر لە پاش ئەمە شتێکی لێ دەرکەوت و ئاشکرا بوو کە پێچەوانەی ئیسلام بوو ، ئەوا دەکوژرێت چونکە دەفەرمێت :(فتبينوا) واتە لێکۆڵینەوەو دڵنیایی بکەن ، کە ئەگەر بیوتایە لا اله الا الله و نەکوژرایە ئەوا لێکۆڵینەوە مانای نەدەبوو، هەروەها فەرمودەکەی تر و هاوشێوەی ماناکەی ئەوەیە کە باسمان کرد کە هەرکەسێك ئیسلام بوونو یەکخواپەرستی ئاشکرا بکات ئەوە پێویستە دەستی لەسەر هەڵبگیرێت مەگەر شتێکی لێ دەربکەوێت و ئاشکرابێت کە ئیسلام بوونو یەکخواپەرستییەکەی هەڵبوەشێنێتەوە .

وە بەڵگە لەسەر ئەم شتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە فەرموی:[ اقتلته بعد ما قال  لا اله الا الله] .

واتە: ئایا کوشتت لە پاش ئەوەی کە ووتی (لا اله الا الله)؟!.

وە کە فەرمویەتی:(امرت ان اقاتل الناس حتی یقولوا (لا اله الا الله)) واتە: فەرمانم پێکراوە لە لایەن خواوە کە کوشتاری خەڵکی بکەم هەتا دەڵێن (لا اله

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**الا الله)** .

**هەر ئەو پێغەمبەرەیە (صلی الله علیه وسلم) دەربارەی خەوارج دەفەرمێت:**[ اینما لقیتموهم فاقتلوهم ،لئن ادرکتهم لاقتلهم قتل عاد]**. واته:( لەهەر شوێنێك گەیشتن بە خوارج ئەوا بیان کوژن ، وە ئەگەر من پێیان بگەم ئەوا وەکو کوشتنی عاد دەیان کوژم) لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی خەڵکی زیاتر (لا اله الا الله) یان دەوت. تا هاوەڵان خۆیان پێکەم بوو لە ئاستو بەرامبەر ئەوان . لەگەڵ ئەوەی کە زانیاری لە هاوەڵانەوە فێر بوون ، نە (لا اله الا الله) سودی پێگەیاندن نە زۆری پەرستن نە بانگەشەکردنی ئیسلام کاتێك کە سەرپێچی کردنی شەریعەتیان لێدەرکەوت، بەهەمان شێوە لەوەی کە باسمان کرد لە کوشتار کردنی جولەکەو کوشتاری هاوەڵان بۆ بەنی حەنیفە.**

**ئەوەی کە** الحافظ بن رجب **فەرمویەتی:**

الحافظ **ابن رجب لە نامیلکەکەیدا بە ناونیشانی** (كلمة الإخلاص)(٥٣) **لەسەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)** [امرت ان اقاتل الناس حتى يشهدوا ان لا اله الا الله وان محمداً رسول الله] **دەفەرمێت: ئیمامی عومەر و کۆمەڵێك لە هاوەڵان(خوایان لێ ڕازی بێت) وا تێگەیشتن کە هەرکەسێك هەردوو شایەتمانەکە بڵێت ئەوە قەدەغەی سزای دنیای لێ دەکات تەنها بە ووتنی ، بۆیە ڕاوەستان لە کوشتارکردنی ئەوانەی کە زەکاتیان نادا ، وە أبو بکری صدیق(خوای لێ ڕازی بێت) وا تێگەیشت کە هیچ شتێك کوشتاریان قەدەغە ناکات تەنها دانی زەکاتەکە نەبێت ، چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمێت:**[ فاذا فعلوا ذلك منعوا مني دماءهم الا بحقها وحسابهم على الله ].

**واتە/ ئەگەر ووتیان (لا اله الا الله ومحمد رسول الله) وە نوێژیان کردو زەکاتیان دا ئەوا خوێنیان پارێزراوەو قەدەغە دەبێت لە من تەنها بە مافی (لا اله الا الله) نەبێت (ئەگەر یەکێك بە ناحەق بکوژێت یاخود لە پاش زەواجێکی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**شەرعی زینا بکات یاخود لە دین هەڵگەڕێتەوە ئەوا دەکوژرێتەوە و کوشتن مافی خۆیەتی ) وە حسابیان لەلای خودایە.**

**وە دەفەرمێت:(** الزكاة حق المال **) واتە/ زەکات دان حەقی ماڵو سامانە ، وە ئەمەی ابوبکری صدیق(خوای لێ ڕازی بێت) لەی تێگەیشت زیاتر لە یەکێك لەهاوەڵان بەڕاشکاوی لە پێغەمبەریان (صلی اللە علیە وسلم) گێڕاوەتەوە لەوانە ابن عمر و انس و جگە لەمان(خوایان لێ ڕازی بێت)، وە فەرمویەتی: [**
امرت ان اقاتل الناس حتى يشهدوا ان لا اله الا الله وان محمداَ رسول الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة ].

**واتە/ فەرمانم پێ کراوە لە لایەن خوای گەورەوە کە کوشتاری خەڵکی بکەم هەتا شایەتی دەدەن بە (لا الە الا اللە و محمد رسول اللە) و نوێژ بکەنو زەکات بدەن)**

**وە ئەم ئایەتەیش بەڵگەیە لەسەر ئەم شتە کەخوای گەورە دەفەرمێت:[** فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ].

**واتە: ئەگەر تۆبەیان کردوو نوێژیان کرد وزەکاتیان دا ئەوە ڕێگەیان بەردەنومەیانکوژن هەروەکو چۆن ئەم ئایەتەی تریش بەڵگەیە کە خوای گەورە دەفەرمێت:[** فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ].

**واتە: ئەگەر تۆبەیان کردوو گەڕانەوە بۆ لای خوا ونوێژیان کرد وزەکاتیان دا ئەوا دەبن بە براتان لە دیندا .**

**واتە: برایەتی لە دیندا جێگیر نابێت تەنها بە جێ بەجێکردنی فەرزەکان نەبێت لەگەڵ یەکخواپەرستی دا،چونکە تۆبە کردنو گەڕانەوە لە هاوبەش بڕیاردان بەدەس نایات تەنها بە یەکخواپەرستی نەبێت ، کاتێك أبو بکر(خوای لێ ڕازی بێت) ئەم شتەی بۆ هاوەڵان ڕوون کردەوە ئەوانش گەڕانەوە بۆ سەر قسەکەی أبو بکر وبەڕاستیان دانا وە کە زانرا سزای دنیا لا ناچێت لەسەر کەسێك کە هەردوو شایەتمانەکە جێبەجێ بکات بە بەربڵاوی ، بەڵکو سزا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەدرێت بە کەمو کوڕی خستنە مافێك لە مافەکانی ئیسلام بە هەمان شێوە سزای قیامەتیش .

هەروەها دەفەرمێت:( (٥٤) کۆمەڵێك لە زانـــایان دەفـــەرمـــون :

(مەبەست لەم فەرمودانە ئەوەیە کە ووتنی (لا الە الا اللە) هۆیەکە بۆ چونە بەهەشت و ڕزگار بوون لە دۆزەخ و داخوازی ئەمە دەکات) .

وەوەڵامیان دەدرێتەوە بەوەی کە داخوازی ئیشی خۆی ناکات تەنها بە کۆبونەوەی مەرجەکانو نەمانی بەرهەڵستییەکانی نەبێت ، هەندێ جار داخوازییەکەی جیاواز دەبێت لە گەڵیدا لەبەر فەوتانی مەرجێك لە مەرجەکانی یاخود بوونی بەرهەڵستییەك لەبەرهەڵستییەکانی، کە ئەمیش ووتەی (حسنی بصری و وهب بن منبە) ە کە ئەمەیش ئاشکراترە .

پاشان لە حسنی بصری گێڕدراوەتەوە کاتێك کە (فرزدق) خێزانەکەی بە خاك سپاردووە پێیفەرمووە: چیت بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە کردوە ئەویش ووتی: شایەتمانی (لا الە الا اللە) لە حەفتا ساڵەوە ، حسن پێی فەرموو : باشترین ئامادەکراوە بەڵام (لا الە الا اللە) چەند مەرجێکی هەیە: ئاگادارت دەکەمەوە لە لەکەدار کردنی ناموسی ئافرەتانی باوەڕدار ،

وە وترا بە حسن: کەسانێك دەڵێن: هەرکەسێك بڵێت (لا الە الا اللە) دەچێتە بەهەشتەوە ،فەرموی: هەرکەسێك بڵێت (لا الە الا اللە) مافەکانیو فەرزەکانی جێبەجێبکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.

وەیەکێك پرسیاری لە (وهب بن منبە) کرد ئایا (لا الە الا اللە) کلیلی بەهەشت نییە ؟ ئەویش فەرمووی : بەڵێ کلیلی بەهەشتە بەڵام هەموو کلیلێك ددانی هەیە ئەگەر کلیلێك بهێنیت ددانی هەبێت ئەوا دەرگاکەت بۆ دەکاتەوە ، وە ئەگەر ددانی نەبێت ئەوا دەرگاکەت بۆ ناکاتەوە...

وە وابزانم ئەوەندەی کە قسەی زانایانم گواستەوە بەسە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم گومانە کە کەسانێك خۆیان پێوەی پەیوەست کردوە کەوا گومان دەبەن کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەركەسێك بڵێت (لا اله الا الله) كافر نابێت هەرچەندە چەندێك لە جۆرەكانی هاوبەش بڕیاردانی گەورە جێبەجێ بكات، كە ئەمڕۆ بەبەردەوامی دەكرێت لەسەر نەزرگاو تەرمی پیاو باشان كە ووشەی (لا اله الا الله) هەڵدەوەشێنێتەوە تەواوی هەڵوەشانەوە وە دژی دەوەستن ئەوپەڕی دژ ڕاوەستان ، كە ئەمەیش ڕێگەی خەڵكی لەڕێگە دەرچوە كە دەقە كورتەكان وەردەگرن و وا دەزانن بەڵگەیە بۆیان ، وەواز دەهێنن لە دەقە درێژەكان كە ئەم دەقە كورتانە ڕوون دەكەنەوە و ئاشكرای دەكەن وەكو ئەو كەسانەی كە باوەڕدێنن بە هەندێك لە قورئان و كوفر دەكەن بە هەندێكی تری ، خوای گەورە دەربارەی ئەم جۆرە لە خەڵكی دەفەرمێت:[ هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ رَبَّنَا لا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لا رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللَّهَ لا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ](٥٥).

واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە كە ئەو قورئانەی دابەزاندۆتە سەرت ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) لە قورئاندا هەندێك لە ئایەتەكانی (محكم)ن :

واتە/ یەك ڕاڤە كردنیان هەیە ،وە ماناكەیان دیارەو ئاشكرایە وە بواری گۆڕینی ماناو لادان و شاردنەوەو دوو دڵی تێدا نیە كە ئەم ئایەتانە بنچینەی قورئانن و پشتیان پێ دەبەسترێت وئەوئایەتانەی پێچەوانەیان بێت دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەم ئایەتانە ، وە هەندێك ئایەتی تری قورئان (متشابە)ن:

واتە/ زیاتر لە یەك ڕاڤەكردنیان هەیە وە بواری گۆڕینی ماناو لادان و شاردنەوەیان هەیە ، ، فەرمانمان پی كراوە بە باوەڕهێنان بە ئایەتی (متشابە)و ئیش كردن بە ئایاتی (محكم) بەڵام ئەوانەی لادان لە حەق لەدڵیاندایە شوێنی ئایەتی متشابە دەكەون وە گومان بۆ باوەڕداران دروست دەكەن و دەیكەن بە بەڵگە بۆ ئەو بیدعەیەی كە خۆیان لە سەرین كە مەبەستیان ئەوەیە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکی توشی فیتنە بکەن لە دینەکەیانداو دڵیان تێك بدەن وە مەبەستیان ڕاڤە کردنێتی بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت و بگونجێت لەگەڵ ڕێگە خراپەکەیاندا لە کاتێکدا هیچ کەسێك لە ڕاڤەکردنەکەی نازانێت تەنها خوای گەورە نەبێت، وە ئەوانەی کە دامەزراون لە زانستدا دەڵێن باوەڕمان پێی هەیە هەمووی لە لایەنی پەروەردگارمانەوەیە ، بەڵام هیچ کەسێك بیر ناکاتەوە تەنها خاوەن عەقڵەکان نەبێت ، هەروەها زانا دامەزراوەکان دەڵێن خوایە دڵمان لا نەدەیت لەسەر حەق بەوەی شوێنی ئایەتی (متشابە)ی بخەیت هەروەك و چۆن ئەوانە لەڕێی ڕاست دەرچوون کە شوێنی ئایەتی (متشابە) کەوتن لە پاش ئەوەی ڕێنمایمانت کرد بۆ حەق ،وە لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەتێکی فراوانامان پێ ببخشە هەر تۆ بەخشەری ڕەحمەتی ، خوایە تۆ زیندو کەرەوەی خەڵکیت بۆلێپرسینەوە لە ڕۆژێکدا کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، بەڕاستی خوای گەورە وەفای هەیە بەرامبەر پەیمانەکانی و پەیمان دەباتە سەر . خوایە حەقمان بە حەق نیشان بدەو شوێنکەوتنیمان پی ببخشە ، وە بەتاڵیشمان بە بەتاڵ پێ نیشان بدەو دووركەوتنەوەیمان پێ ببخشە .

**٦-شوێنەواری ( لا اله الا الله ):**

**ئەم ووشەیە ئەگەر بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە بوترێت و ئیش بکرێت بە ناوەڕۆك و داخوازییەکەی بە ئاشکراو بە نهێنی ئەوا شوێنەواری زۆر سوپاس کراوی دەبێت بەسەر تاك و کۆمەڵەوە لە هەموویان گرنگتر:**

**١- کۆبوونەوەی ووشەو دەنگ کە بە هۆیەوە هێز وسەرکەوتن بۆ موسڵمانان دەستەبەر دەبێت بەسەر دوژمنانیاندا چونکە هەمویان ئەوکاتە بەیەك دین دینداری دەکەن و یەك بیروباوەڕ پەیڕەو دەکەن هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:**[ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا](٥٦).

واتە: ئێوە هەمووتان دەست بگرن بە ئیسلام‌و قورئانەوە، وە پارچەپارچەیی‌و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**جیاوازی مەکەن ،وە خوای گەورە دەفەرمێت:**[ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنْفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً مَا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ](٥٧).

**واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە پشتیوانی تۆی کرد بەوەی کە سەرتی خست بەسەر بێباوەڕاندا لە شەڕی بەدر وە بە هۆی باوەڕدارانەوە وە دڵی ئەوس و خەزرەجی یەك خست بە هۆی باوەڕهێنانیانەوە کە پێشتر لە شەڕو کوشتارکردنی یەکتردا بوون، ئەگەر تۆ هەرچی هەیە لەسەر زەویدا بتبەخشیبایە بۆ ئەوەی دڵیان یەك بخەیت نەتدەتوانی دڵیان یەك بخەیت بەڵام خوای گەورە دڵیانی یەك خستو ڕێکیانی خست هەر خوای گەورە بەڕاستی بە دەسەڵاتو کاربەجێیە .**

**وە جیاوازی لەبیرو باوەڕدا دەبێتە هۆی پارچەپارچەیی و کێشەو یەکتر کوژی وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:**[ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ](٥٨).

**واتە:ئەو کەسانەی دینەکەیان پارچە پارچە کردوو بوونە بە بەش بەشو تاقم تاقم ئەوا تۆ لەوان نیت لە هیچ شتێکدا ئەوان لە ڕێبازی تۆ دەرچون.**

**وە دەفەرمێت:**[ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُراً كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ] (٥٩ ).

**واتە: شوێن کەوتوانی پێغەمبەران** –عليهم الصلاة والسلام– **لەگەڵ ئەوەی دینەکەیان یەك بوو پارچە پارچەیان کردوو بوون بەچەندگروپ و تاقمێکەوە کە جیاوازو جۆراو جۆر بوون پاشان هەر حیزبو تاقمیك بەوەی کە خۆی پێیەتی لە دین دڵخۆش و سەرسام بوون بۆیە هیچ شتێك خەڵکی یەك ناخاتو کۆیان ناکاتەوە تەنها بیروباوەڕی ئیمانو یەکخواپەرستی نەبێت کە ئەمەیش دەلالەت لەسەر کراوی (لا اله الا الله) یە وە تۆ پەند وەربگرە لەو حاڵەی کە عەرەبی تێدا بوو پێش ئیسلام، وە پاش ئیسلام بزانە چۆن گۆڕانو چیان بەسەردا هات.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢- دەستەبەر بوونی هێمنیو ئاسایشو دڵنیایی لە کۆمەڵگای یەك خوا پەرستدا کەوا دینداری دەکەن بە ناوەڕۆكو داخوازی (لا اله الا الله) چونکە هەر یەك لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە ئەوەی کە خوا حەڵاڵی کردووە وەری دەگرێتو دەیکات ، وە واز دەهێنێت لەوەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەری وەکو کارلێك کردنێك لەگەڵ بیروباوەڕەکەی کەوا ئەمەی پێ دەڵێت ئەویش دەست هەڵدەگرێتو واز دەهێنێت لە دەست درێژکردنە سەر خەڵکیو ستەم کردنو دوژمنایەتی، وە هاوکاریو خۆشەویستیو پشتیوانیو سەرخستنی یەکتری بۆ خوا جێگای ئەمانە دەگرێتەوە، وەکو ئیش کردنێك بە فەرمایشتی خوای گەورە [ إنما المؤمنونَ إخوة](٦٠).

واتە: تەنها باوەڕداران برای یەکترن.

وە ئەم شتە بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە حاڵی عەرەب لە پێش ئەوەی دینداری بکەن بە (لا اله الا الله) وەلە پاش ئەوەی کە دەستیان کرد بە دینداری کردن بە (لا اله الا الله) و موسڵمان بوون ، پێش موسڵمان بوونیان دوژمنی یەکتری بوون، وە یەکتریان دەکوشتو شانازیان دەکرد بە کوشتنو بڕینو تاڵانی کردنی ماڵی یەکتری ، بەڵام کاتێك موسڵمان بوون، بوون بە برای خۆشەویستی یەکتری وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:[ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ](٦١).

واتە: محمد پێغەمبەرو نێردراوی خوای گەورەیە ، ئەو هاوەڵانەیشی کە لەگەڵیدان زۆر سەختو توندن لە گەڵ کافرانداو وە زۆر بەسۆزو بەزەیین لە ناو خۆیاندا .

وە دەفەرمێت:[ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانا](٦٢).

واتە: ئەی موسڵمانان ئێوە یادی بەخششی خوای گەورە بکەنەوە بەسەرتانەوە کاتێك کە ئێوە دوژمنی یەکتری بوون وە یەکتریتان دەکوشت،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**خوای گەورە دڵتانی یەك خستو بەهۆی بەخششی خوای گەورەوە ئێوەی (ئەوسو خەزرەج) بوون بە برای یەكتری.**
**٣- بەدەست هێنانی سەروەری و جێنیشینی لەسەر ڕووی زەویدا وە پاكی دینو دامەزراوی بەرامبەر شەپۆلی بیرو بۆچونو دەربڕاوە جیاوازو جۆراوجۆرەكان ، هەروەكو خوای گەورە دەفەرمێت:**[ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً](٦٣).
**واتە: خوای گەورە پەیمانی داوە بەوانەی كە باوەڕیان هێناوە و كردەوەی باشیان كردوە لە ئێوە كە بەجەخت لەسەركراوی لەسەر زەویدا دەیانكات بە جیٚنیشینو سەروەر هەروەك چۆن ئەوانەی پێش ئێوەی كرد بە جێنیشین، وە هەروەها ئەو ئاینی ئیسلامەی كە خوای گەورە ڕازی بووە بۆیان لەسەر زەویدا بۆیان جێگیرو دامەزراو دەكات، وە لە پاش ترسو دڵەڕاوكیٚ بۆیان  دەگۆڕێت بە هێمنیو ئارامی بە مەرجێك كە بە تاكو تەنها من بپەرستن و هیچ هاوبەشێكم بۆ دانەنێن .**
**خوای گەورە بەدەستهێنانی ئەم داواكراوە بەرزانەی بەستۆتەوە بە پەرستنی خۆی بە تاكو تەنهایی بەبیٚ هاوبەش بڕیاردان بۆی كە ئەمە بریتییە لە ماناو ناوەڕۆكو داخوازی (لا اله الا الله) .**
**٤- بەدەست هێنانی ئارامی دەرونی و جێگیری مێشك بۆ هەركەسێك كە بڵێت (لا اله الا الله) و ئیش بكات بە داخوازییەكانی چونكە یەك خوا دەپەرستێتو دەزانێت مەبەستی خوایەكەی چییە و بەچی ڕازی دەبێت ئەمیش جیٚبەجیٚیان دەكات ، وە دەزانێت بەچی تورە دەبێت خۆی لیٚدوور دەخاتەوە، بە پێچەوانەی كەسێك كە چەند خوایەكی جۆراو جۆر دەپەرستێت هەریەكەیان مەبەستێكی هەیە پێچەوانەی مەبەستی ئەو خوایەی تری وە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵسوڕانێکی هەیە پێچەوانەی هەڵسوڕانی ئەو خوایەی تری ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:[ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ](٦٤).

واتە: ئایا چەند پەروەردگارو چەند خوایەکی جۆراو جۆر باشترە یان خوای تاکو تەنهاو بالأدەست.

هەروەها دەفەرمێت:[ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً رَجُلاً فِيهِ شُرَكَاءُ مُتَشَاكِسُونَ وَرَجُلاً سَلَماً لِرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلا](٦٥).

واتە: خوای گەورە نمونە بۆ مرۆڤی هاوبەش بڕیاردەر کە زیاتر لە خوایەکی هەیە دەهێنێتەوە بە بەندەیەك کە کۆمەڵێك خاوەنی هەیەو خزمەتی هەموویان دەکات و ماندوو دەبێت کە هەریەکەیشیان جیاوازن لەوی تریان و ڕەوشتیان خراپە، و کەسیان لێی ڕازی نین ، وە نمونە بۆ مرۆڤی یەکخواپەرست دەهێنێتەوە بە بەندەیەك کە یەك خاوەنی هەبێت ئەگەر خزمەتی بکات لێی ڕازی دەبێت وە ئەگەر خزمەتی نەکات لێی دەبورێت ، ئایا ئەم دوو نمونەیە وەك یەك وایە؟

پێشەوا ابن القیم –ڕەحمەتی خوایلێ بێت– دەفەرمێت:( ئەمە نمونەیەکە خوای گەورە هێناویەتی‌یەوە بۆ هاوبەش بڕیاردەرو یەکخواپەرست ، هاوبەش بڕیاردەر وەك بەندەیەك وایە کە کۆمەڵێك خەڵکی جیاوازو ڕق و کینە لێك بووی ڕەوشت خراپ خاوەنی بن ، هاوبەش بڕیار دەر کە چەند خوایەکی جۆراو جۆر دەپەرستێت لێك چوێنراوە بە بەندەیەك کە موڵکی کۆمەڵێك خەڵك بێت هەموویان ڕکابەری بکەن لە خزمەت کردنیدا ئەویش ناتوانێت ڕەزامەندی هەمویان بەدەست بهێنێت، وە مرۆڤی یەك خوا پەرست کە بەتاكو تەنها خوای گەورە دەپەرستێت نمونەی وەکو بەندەیەك وایە کە یەك خاوەنی هەبێت‌و خۆی دابێتە دەستی‌یەوە و مەبەستی بزانێت‌و ڕێگای ڕەزامەندی بزانێت، ئەمە لە پشوداندایە لەوەی کە کۆمەڵێك شەریك لەسەری ناکۆك بن بەڵکو ئەم ساغە بۆ خاوەنەکەی بەبێ ئەوەی کێشەی تێدا بێت لەگەڵ نەرمو نیانی‌و سۆزو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەزەیی‌و چاکەی خاوەنەکەی بۆی ، وە بەرژەوەندی‌یەکانی هەڵدەسوڕێنێت ئایا ئەم دوو بەندەیە یەکسانن (٦٦)؟!

٥- بەرزی و پایە بڵندی بۆ ئەهلی (لا اله الا الله) لە دنیاو قیامەتدا هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:[ حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ](٦٧).

واتە: لادەن لە پەرستنی جگە لە خواو بەتەنها خوا بپەرستن‌و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن وەهەرکەسێك هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدات وەکو ئەوە وایە لە ئاسمانەوە بەربوبێتە خوارەوەو باڵندە پارچە پارچەی بکات وبیبات، یاخود بافڕێی بداتە شوێنێکی دوورو قولەوە (واتە هەر کەسێك هاوبەش بڕیاربدات بۆ خوای گەورە کردەوەکانی بەتاڵ دەبێتەوە)، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەکخواپەرستی بەرزی و پایە بڵندی‌یە وە هاوبەش بڕیاردان نزمی‌و دابەزین‌و بەربونەوەیە .

زانای پایە بەرز ابن القيم -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرمێت:( خوای گەورە باوەڕو یەکخواپەرستی چواندوە بەئاسمان لە بەرزی و پایە بڵندی‌و فراوانی‌و ڕێزدا کە جێگای بەرزبوونەوەو دابەزینێتی ، هەیەتی دادەبەزێت بۆ زەوی‌و هەیە بۆی بەرز دەبێتەوە ، وە هاوبەش بڕیاردەرو بێباوەڕی چواندوە بە بەرەوەبوو لە ئاسمان بۆ نزمترین جێگا لە ڕووی تەسکی‌و تەنگی‌یەکی سەختەوە و ئازارێکی یەك لەسەر یەك‌و باڵندەیش ئەندامەکانی دەبات‌و پارچە پارچەی دەکات بەو شەیتانانەی چواندوە کە خوای گەورە دەینێرێت‌و دەیسوڕێنێت‌و بێزاری دەکات‌و قورسی دەکات بۆ شوێنی لەناو چوونی ، وە بایش فڕی‌ی دەداتە شوێنێکی دوری قوڵ کە ئەمە هەواو ئارەزوەکەیەتی وای لێ دەکات خۆی بخاتە نزمترین‌و خراپترین شوێن‌و دوور ترین شوێن لە ئاسمانەوە.(٦٨)

٦-پاراستنی خوێن‌و ماڵ‌و ناموس ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەفەرمێت:**[ أمرت ان اقاتل الناس حتى يقولوا لا اله الا الله فأذا قالوها عصموا مني دمائهم واموالهم الا بحقها] (٦٩).

**واتە: فەرمانم پی کراوە لە لایەن خوای گەورەوە کە کوشتاری خەڵکی بکەم هەتا دەڵێن (لا اله الا الله) ، وە ئەگەر ووتیان ئەوا خوێن و ماڵیان لە من پارێزراو دەبێت تەنها بە ماڨ (لا اله الا الله) نەبێت .**

**کە دەفەرمێت:( بحقها) مانای ئەوەیە کە ئەگەر ووتیان (لا اله الا الله) وهەڵنەستان بە جێبەجێکردنی مافەکانی کە بریتیە لەجێبەجێکردنیداخوازیەکانی**

**یەکخواپەرستی و دوور کەوتنەوە لە هاوبەش بڕیاردان و هەستان بەجێبەجێ کردنی پایەکانی ئیسلام ئەوا خوێن و ماڵیان پاریزراو نابێت بەڵکو دەکوژرێن و ماڵیان بە غەنیمە دەبرێت بۆ موسڵمانان ، هەروەکو چۆن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و جێنیشینەکانی —خوایان لێ ڕازی بێت– ئاوایان لێیان کرد .**

**هەروەها ئەم ووشەیە (لا اله الا الله) شوێنەواری گەورەی هەیە لەسەر تاك کۆمەڵ لە پەرستنەکان و هەڵسوکەوت کردنەکان وئاداب و ڕەوشتەکان ...**

وبالله التوفيق ، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه اجمعين.

**تەواو بووم لەوەرگێڕانی ئەم نامیلکە بەسودە**

**لەڕۆژی شەممە**

٣/جمادي الاخرة ١٤٢٤ك

**بەرامبەر٢/٨/٢٠٠٣ز**

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی وەرگێڕ | |
| پێشەكی نووسەر | |
| ١-پلەو پایەی لا اله الا اللّٰه | |
| ٢-فەزڵو گەورەیی لا اله الا اللّٰه | |
| ٣-شیكردنەوەیو پایەكانیو مەرجەكانی | |


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤–ماناى لا اله الا الله و ناوەڕۆك‌و داخوازى‌يەكەى

٥–چ كاتێك ووتنى لا اله الا الله سود بە مرۆڤــ دەگەيەنێت وە چ كاتێك سودى بۆى نى‌يە.

ئەوەى كە شێخ الاسلام ابن تيميە فەرمويەتى

ئەوەى كە شێخ محمد بن عبدالوهاب فەرمويەتى

ئەوەى كە الحافظ بن رجب فەرمويەتى

٦–شوێنەوارى لا اله الا الله.

لەم پەرتوكەدا ئەم بابەتانە بخوێنەرەوە:

پلەو پايەى لا اله الا الله

فەزڵ‌و گەورەيى لا اله الا الله

شيكردنەوەى لا اله الا الله و پايەكانى‌و مەرجەكانى

ماناى لا اله الا الله و ناوەڕۆك‌و داخوازى‌يەكەى

چ كاتێك ووتنى لا اله الا الله سود بە مرۆڤــ دەگەيەنێت وە چ كاتێك سودى بۆى نى‌يە.

ئەوەى كە شێخ الاسلام ابن تيميە فەرموويەتى

ئەوەى كە شێخ محمد بن عبدالوهاب فەرموويەتى

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەوەی کە** الحافظ بن رجب **فەرموویەتی**

**شوێنەواری لا اله الا الله**

(1) النساء /١٠٣
(2) البقرة /٢٠٠
(3) البقرة/ ١٩٨
(4) الحج /٢٠٣
(5)البقرة/ ٢٠٣
(6) رواه مسلم
(7) الأحزاب /٤١-٤٢
(8) رواه الترمذي
(9) زاد المعاد لابن القيم (٢/١)
(10) الزخرف:٢٨
(11) آل عمران:١٨ **وە بڕوانە** مجموعة التوحيد (١٠٥-١٦٧)
(12) الذاريات:٥٦
(13) الانبياء:٢٥
(14) النحل:٢
(15) كلمة الإخلاص لابن رجب ص٥٢-٥٣
(16)رواه مسلم في الايمان برقم ٢٣
(١٧)رواه البخاري (٢٥٥/٣) ومسلم في الإيمان برقم ١٩
(١٨)رواه الحاكم (٥٢٨/١) وابن حبان برقم (٢٣٢٤) مورد الظمآن
(١٩) الترمذي في الدعوات رقم (٣٥٧٩)
* **پێشتر وەرگێڕدراوە بگەڕێرەوە سەری.**
رواه الترمذي برقم (٢٦٤١) في الإيمان والحاكم برقم(٦٠٥/١) وغيرهما
(20)
(21) كلمة الإخلاص لأبن رجب (٥٤-٦٦)
(22)الحج:٦٢
(23)**ئەوەیە کە لێرەدا باسم کرد لە پایەکانی (لا اله الا الله) دا**
(24)تيسير العزيز الحميد ص٨٠

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(25)فتح المجيد ص٩١

(26)البقرة:٢٥٦
(27)النساء :٣٦
(28)النحل: ٣٦
(29) صحيح مسلم رقم(٢٣) كتاب الايمان.
(30)ألأعراف: ٩٥
(31)صّ:٥
(32) ص:٥

(33)الصافات:٣٦-٣٦
*الزخرف:٨٦
(34)الشورى:٢١
**پێشتر ڕاڤه كراوه بگەڕێرەوە سەری*
(35)الانعام:١٢١
(36)التوبة:٣١
(37)رواه الترمذي رقم(٣٠٩٤) في التفسير
(38) فتح المجيد (١٠٧)
(39)النساء :٥٩
(40)الشورى:١٠
(41)الاعراف :١٨٠
فتح المجيد ص٥٣٧-٥٣٨ وانظر مدراج السالكين (٢٩/١-٣٠) لابن القيم.
(42)
(43) مختصر الصواعق المرسلة / (١٥/١)
(44) مدراج السالكين (٢٦/١)
(45) رواه البخاري (٢٠٦/١١) ومسلم برقم (٣٣)
(46) رواه البخاري (٣٩٩/١)
(47)صحيح مسلم (٢٢٨/١-٢٢٩) بشرح النووي
(48) صحيح مسلم مع شرح النووي (٢٤٤/١)
(٤٩) الزخرف :٢٣

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(50) تيسير العزيز الحميد بشرح كتاب التوحيد ص٦٦-٧٦
(51)بروانه مجموعة التوحيد ص١٢٠-١٢١
(52)النساء :٩٤
(53) كلمة الإخلاص لإبن رجب ص١٣-١٤

(٥٤)كلمة الإخلاص ص٩-١١

(55) آل عمران: ٧-٩
(56)آل عمران :١٠٣
(57)الانفال :٦٢-٦٣
(58)الأنعام: ١٥٩
(59)المؤمنون:٥٣
(60)الحجرات:١٠
(61)الفتح :٢٩
(62)آل عمران:١٠٣
(63)النور:٥٥
(64)يوسف:٣٩
(65)الزمر:٢٩
(66) اعلام الموقعين (١٨٧/١)
(67)الحج :٣١
(68) اعلام المؤمنين (١٨٠)
(69)رواه البخاري (٢١٧/١٣) في الأعتصام

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com